تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5840) چوارشەممە 2ی تشرینی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ئەنجوومەنی دادوەری کرد

نێچیرڤان بارزانی هەموو پشتگیرییەکی بۆ دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان نیشان دا



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستان کردەوە بە شێوەیەک کە جێی متمانەی هاوواڵاتیان بێت و هەبوونی میکانیزمێکی هاوکاری و هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان و عێراق بە گرنگ و پێویست زانی، هەروەها هەموو پشتگیرییەکی لە چوارچێوەی یاسادا بۆ دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان نیشان دا.

دوێنێ 2019/10/1 لە دیدارێکدا لە هەولێر کە بەڕێز وەزیری دادئامادەی بوو، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی و ئەنجوومەنی دادوەری، سیستەمی دادوەری و یاساکان و پەیوەندییەکانی ئەو بوارەیان لە هەرێمی کوردستان و عێراق تاوتوێ کرد و ئەنجوومەنی دادوەری داکۆکییان لە ڕۆڵی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەک پارێزەری یاسا کردەوە.

لایەنە کوردستانییەکان لەسەر لۆگۆ و دروشمی هاوپەیمانیی کوردستانی ڕێککەوتن

دروشمی هاوپەیمانیی کوردستانی "بەڵێ بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و جێبەجێکردنی دەستوور"ە



حزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لەسەر سەرۆک و دروشم و لۆگۆی قەوارەکە بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕێککەوتن. دروشمی هاوپەیمانیی کوردستانی "بەڵێ بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و جێبەجێکردنی دەستوور"ە و لۆگۆکەش لە ڕەنگەکان و خۆری ئاڵای کوردستان و لە هەردوو ڕەنگی پرتەقاڵی و شین پێکهاتووە، وەک هێمای پێکەوەژیان، کە عەبدولڕەحمان مستەفا سەرۆکایەتیی قەوارەکە دەکات بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان یان بەناو (کێشەلەسەرەکان) لە (کەرکووک، موسڵ، دیالە و سەلاحەدین).

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی:

بە یەکڕیزی ئامانجەکانمان بەدیدێنین

سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی سوپاسی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کرد کە متمانەیان پێی داوە بۆ پۆستەکە و هیوای خواست بە یەکڕیزی ئامانجەکان بەدی بهێندرێن. عەبدولڕەحمان مستەفا کە دوێنێ بە سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە دەستنیشان کرا، لە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەیان، لە پریس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند: "دڵخۆشم کە ئەو متمانەیە بە من درا، هیوادارم ئەم یەکڕیزییە بپارێزین، بەم یەکڕیزییە دەتوانین شتی زۆر بەدەست بهێنین."

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



بە بەشداریی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی نیشتمانیی کۆریای باشوور بەڕێوەچوو



دوێنێ سێشەممە 2019/10/1 لەشاری هەولێر، بە بەشداری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چەندین بەرپرسی حکومی و باڵێۆزی کۆریای باشوور لە عێراق، ڕۆژی نیشتمانی کۆریای باشوور بەڕێوەچوو.

ڕێورەسمەکە لەلایەن کونسوڵخانەی کۆریای باشوور لە هەولێر ڕێکخرابوو و چەندین بڕگەو چالاکی لەخۆگرتبوو. جێی باسە کۆریای باشوور ساڵانێکە ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان هەیەو 15ساڵ لەمەوبەر تیپی زەیتوونی لە هەولێر جێگیرکرد و لەچەندین بوارەوە هاوکاری پێشکەشی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەکانی حکوومەتی هەرێم کردووە.

فۆتۆ/ فەرهاد ئەحمەد شەریف



سەعدی پیرە: پەرش و بڵاوی زەرەری زۆر گەورەی لە کورد داوە

موحسین سەعدوون: پێویستە سەرجەم فراکسیۆنە کوردییەکان پشتگیری لە فراکسیۆنی پارتی بکەن

سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە خولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کارێکی نایاساییە بە شێوەی ئێستا، بۆیە دادگا لە بەرژەوەندی فراکسیۆنی پارتی بڕیار دەدات و یاساکە ڕەوانەی پەرلەمان دەکاتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە سەرجەم فراکسیۆنە کوردییەکان پشتگیری لە فراکسیۆنی پارتی بکەن. موحسین سەعدوون، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە خولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و شارەزای یاسایی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دادگای فیدراڵی سکاڵای لە دژی هەموواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان تۆمار کردووە و بڕیارە لەم چەند ڕۆژەدا یەکلا بکرێتەوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

پەیوەست بە هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق

وەزیری دادی هەرێمی کوردستان سکاڵای یاسایی لە دژی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تۆمارکرد



ئەسکەوتێکی گرنگ و مێژوویی شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەی باڵەکایەتی دەبێتە پێگەی گەشتیاران

ئەمساڵ زووتر وەرزی تەکاندنی گوێز دەستی پێکرد



وەکو خاوەن باخەکان باسی لێوە دەکەن بەشێک لە دارگوێزەکانی هەورامان ساڵانە 15-10هەزار گوێز دەگرن، بەشێکی دیکەشیان 30-25هەزار. بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە نزیکەی 85 هەزار دار گوێز لە هەورامان و هەڵەبجە هەن. گوێز چەندین سوودی تەندروستی هەیە لەوانە یارمەتی بەهێزبوونی میشک دەدات. هەروەها پزیشکانی پێست دەڵێن" زەیتی گوێز بۆ جوانکاری پێست و مەساجی دەم و چاو بێ وێنەیە".

لایەنە کوردستانییەکان لەسەر لۆگۆ و دروشمی هاوپەیمانیی کوردستانی ڕێککەوتن

دروشمی هاوپەیمانیی کوردستانی "بەڵێ بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و جێبەجێکردنی دەستوور"ە





حزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لەسەر سەرۆک و دروشم و لۆگۆی قەوارەکە بۆ بەشداربیکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕێککەوتن. دروشمی هاوپەیمانیی کوردستانی "بەڵێ بۆ پێکەوەژیانی ئاشتیانە و جێبەجێکردنی دەستوور"ـە و لۆگۆکەش لە ڕەنگەکان و خۆری ئاڵای کوردستان و لە هەردوو ڕەنگی پرتەقاڵی و شین پێکهاتووە، وەک هێمای پێکەوەژیان، کە عەبدولڕەحمان مستەفا سەرۆکایەتیی قەوارەکە دەکات بۆ بەشداربیکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە سنووری ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە ناو (کێشەلەسەرەکان لە (کەرکووک، موسڵ، دیالە و سەڵاحەدین).

- عەبدولڕەحمان مستەفا فەتاح، ساڵی 1951 لە شاری کەرکووک لەدایکبووە.
- ساڵی 1974 کۆلێژی یاسای زانکۆ بەغدای تەواو کردووە.
- لە ساڵی 1975 بۆ2003 وەک پارێزەر کاری کردووە.
- لە 2003/5/28 بە یەکەم پارێزگاری کەرکووک دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەڵبژێردراوە.
- لە 2011/4/3 دەستی لەکارکێشایەوە.
- خێزاندارە و باوکی کوڕ و کچێکە، کوڕەکەی پارێزەرە و کچەکەشی ئەندازیارە.

سەرۆک بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی ئاڕاستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو فازڵ جەلال زەنگەنە دەکات

دوێنێ سێشەممە بارزانی پەیامێکی سەرەخۆشی ئاڕاستەی خانەوادەی خوالێخۆشبوو فازڵ جەلال زەنگەنە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگە و تێکۆشەر و ئەندامی (سەرکردایەتی کاتی، پارتی دیموکراتی کوردستان) (فازڵ جەلال زەنگەنە)م پێگەیشت. فازڵ جەلال زەنگەنە هاوخەباتێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو لە ڕۆژە سەختەکانی دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و سەرکردایەتی کاتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و دڕێژەدان بە خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی.

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی خۆم ئاڕاستەی خانەوادە و کەسوکار و خزمان و دۆست و ئاشنایان و هەقاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەم و لە خودای گەورە داواکارم ئارامی و سەبوری بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی

2019/10/1




سەرۆکی پارتی فەرمانڕەوای بەریتانیا:

لە پشتگیریم بۆ حکوومەتی تازەی هەرێمی کوردستان و لاوان دڕێخی ناکەم

لە کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی دەسەڵاتداری بەریتانیا ئەم جارە لاوێکی کورد بەناوی فەلاح حەسەن بەفەرمی و بەنوێنەرایەتی لاوانی سیاسیی ئەوروپا بەشداڕە. لەمیانی بەشداربوونەکەیدا ئەم گەنجە کوردە کەهاوکات جێگری سەرۆکی لاوانی ئەوروپا و نوێنەری دەرەوەی لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەفەرمی لەلایەن جەمیس کلیڤڵری سەرۆکی پارتی پارێزگارانی بەریتانیا و پارتی فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە پێشوازی لێکرا. لەمبارەیەوە فەلاح حەسەن دەڵێت: لەچوارچێوەی فەرمی دیدارەکەمدا باسی حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم حکوومەتی هەرێمم کرد بەتایبەتیش لەبواری داراییدا، هەروەها سلاو و ڕێزی لاوانی کوردستانم بە بەڕێزیان گەیاند و ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو بەهاتنی ئێمە و هیوای خواست کە هەرشتێکی پێبکرێت بۆ پشتگیری لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لاوانی کوردستان بەتایبەتی ئەوا دریغی نەکات.

فەلاح حەسەن دەشڵێت ئێمە نابێت دەستەوەستان بوەستین و بڵێین ئەو گەل و ئەو گەل یاخود ئەو وڵات و ئەو وڵاتە دژی گەلی کوردن، ئێمە ئەگەر لەنێو خۆماندا یەک بین و سیاسەتێکی تۆکمە و دیبلۆماسیەتێکی تەندروستمان هەبێت ئەوکات باش دەزانین کە کامە گەل و وڵات دۆستی ڕاستەقینەی گەلی کوردن، دەبێت ئەمەش بزانین ئەوەی بە دیبلۆماسیەت دەستمان دەکەوێت بەشەڕ دەستمان ناکەوێت، بۆیە دەبێت بەردەوام بین لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانمان.

دەبەشیر حەداد سەردانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانی کرد



دوێنێ سێشەممە دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پیرۆزبایی 49یەمین ساڵیادی دامەزراندی یەکێتیەکەیانی کرد و هیوای خواست بەردەوام بن لە خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە هەرێمی کوردستان دا.

دکتۆر بەشیر حەداد ئاماژەی بە ڕۆڵی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کرد هەر لە سەرەتای دااهەزراندنیەوە تاوەکو ئێستا و ڕایگەیاند، هەرچەندە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەزگایەکی فەرمی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە گێڕاویەتی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان دا، هەمیشە وەکو لایەنێکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

لەلایەن خۆیانەوە دکتۆر عەبدوڵلا سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان سوپاسی سەردانەکەی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کرد و ئاماژەیان بەوەدا کە جێگەی شانازییە بۆ ئەوان کە دکتۆر بەشیر حەداد وەکو مامۆستایەکی ئایینی لە پۆستێکی باڵای عێراق دایە و هیواشیان خواست کە لە پاڵ کاری سیاسی دا دکتۆر بەشیر بەردەوام بێت لە خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

لە هەمان کاتدا جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەردانی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و لە لایەن مامۆستا نیاز دێگەیی سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و ئەندامانی لقی هەولێرەوە پێشوازی لێکرا. لە کۆبوونەوەیەکدا دکتۆر بەشیر حەداد بەباسی ئەوەی 49یەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیەکەیانی کرد و هیوای خواست کە سەرکەوتوو بەردەوام بن لە خزمەتکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دا.



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گەیشتە کۆریای باشوور

لەسەر بانگهێشتی فەرمیی پەرلەمانی کۆریا، دوێنێ سێشەممە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە یاوەریی هەریەک لە سەرۆک فراکسیۆنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان گەیشتە وڵاتی کۆریای باشوور و لەلایەن ژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی ئەو وڵاتە پێشوازیی لێکراو لە دیدارێکدا باس لە پەیوەندیی نێوان هەردوولا کرا و جەخت لە پتەوترکردنی ئەو پەیوەندییانە کرایەوە.

بڕیارە شاندەکەی پەرلەمان چەندین دیداری گرنگ سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کۆریا بەمەبەستی سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتی کۆریای باشوور ئەنجام بدات. جێی باسە کۆریای باشوور یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دۆستایەتییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە و لە ڕابردوودا لە ڕێگەی هێزەکانی زەیتوونەوە خزمەت و هاوکارییەکی زۆری لە سەرجەم بواڕەکاندا پێشکەش بە هەرێمی کوردستان کردووە.

فەرماندەیەکی نزیک لە پاسدارانی دەکرێتە فەرماندەی دژە تیرۆری عێراقی



سەرچاوە عێراقییەکان باس لەوە دەکەن، کە فەرماندەیەکی نزیک لە فەرماندەی سوپای قودسی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەکرێتە فەرماندەی هێزەکانی دژەتیرۆری عێراقی.

سەرچاوە میدیایییە عێراقییەکان باس لەوە دەکەن، کە تاکە کاندید بۆ وەرگرتنی پۆستی فەرماندەی دژەتیرۆری عێراقی، حەیدەر یوسف عەبدوڵلایە، کە بە کەسێکی زۆر نزیک لە قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەر سوپای پاسدارانی ئێران دادەنرێت.

حەیدەر یوسف عەبدوڵلا، کە بە (ئەبو زەرغام) ناسراوە، پێشتر فەرماندەی لیوای تایبەتی پێنجەم بووە لە میلیشیای بەدر (گەورەترین میلیشیای حەشدی شەعبی). سوپای پاسدارانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەلایەن ئەمەریکاوە ناسێنراوە و خراوەتە ناو لیستی تیرۆر. لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، فەریق ڕوکن عەبدولوەهاب ساعدی لە فەرماندەیی دژەتیرۆری عێراقی لادرا و گوازرایەوە ناو وەزارەتی بەرگری.

دوای لەسەر کار لادانی خۆی، شەوی یەکشەممە 2019/9/29 هێزێکی سوپا و میلیشیا عێراقییەکان پەیکەری فەریق ڕوکن عەبدولوەهاب ساعدییان لە موسڵ تێکشکاند، کە بڕیار بوو لەم مانگە و لە دووەم ساڵیادی ڕزگارکردنەوەی موسڵ، کە ئەو فەرماندە عێراقییە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕزگارکردنەوەکە بینی، پەردە لەسەر پەیکەرەکە لابدرێت.

چاودێران باسیان لەوە کردبوو، کە حکوومەتی عێراق بە نیازە کەسێکی نزیک لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، بکاتە فەرماندەی دژەتیرۆری عێراقی.

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسی عێراق لە ساڵی2003 حزبە شیعییە عێراقییەکانی نزیک لە ئێران دەستیان بەسەر حوکمڕانیی ئەو وڵاتەدا گرت و سەرکردە سوننییەکان باس لەوە دەکەن، کە دوای 2003 عێراق بە تەواوی کەوتووەتە ژێر ڕکێفی ئێران.

جەنەڕاڵ مارک میڵی پۆستی سەرۆکی ئەرکانی لەشکری ئەمەریکای گرتەدەست

دەنگی ئەمەریکا/

جەنەڕاڵ مارک میڵی پۆستی سەرۆکی ئەرکانی لەشکری ئەمەریکای گرتەدەست تاوەکو شوێنی جەنەڕاڵ جۆزێف دەنفۆرد بگرێتەوە. ڕۆژی دووشەممە لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی سەرۆک ترەمپ، جەنەڕاڵ مارک میڵی تەمەن 61 ساڵ سوێندی فەرمی خوارد وەک 20ـەمین سەرۆکی ئەرکانی لەشکری ئەمەریکا. مەراسیمەکە لە کەشوهەوایەکی باراناویدا لە بنکەی لەشکری ئارلینگتن لە ویلایەتی ڤیرجینیای نزیک واشنتنی پایتەخت بەڕێوەچوو. لە مەراسیمەکەدا ترەمپ گوتی: وەک بیستوومانە بارانبارین لە بۆنەیەکی گەورەدا بەختەوەری بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بۆیە پێموایە بەختەوەرترین جەنەڕاڵ دەبێت لە میژوودا. گوتیشی جەنەڕاڵ مارک میڵی هاوڕێ و ڕاوێژکاریەتی و شایستەی ئەو پۆستەیە. لای خۆیەوە سەرۆکی ئەرکانی نوێ گوتی: بەردەوام ئاموژگاری ڕاشکاو و بێ لایەنانە دەدات. هەروەها ترەمپ لە تویتەرەکەی ڤیدیۆی مەراسیمەکەی بڵاوکردەوە و لەسەری نووسیویەتی "جێی شەرەفێکی گەورەیە ئەم بەیانییە ئامادەبووم لە مەراسیمی پێشوازیکردن لە جەنەڕاڵ مارک میڵی 20ـەمین سەرۆکی ئەرکانی لەشکری ئەمەریکا.



yasinheja@yahoo.com وتارو راپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/10/2 ژمارە (5840)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باڵیۆزی نوێی کۆریای باشوور کۆبوونەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و کۆریای باشوور و کار و چالاکییەکانی ڕابردووی هێزی زەیتوون و ڕێکخراوی کۆبکای لە چوارچێوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا لە هەولێر، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، پیرۆزبایی لە بەڕێز جانگ کیونگ وۆک باڵیۆزی نوێی کۆریای باشوور لە عێراق کرد و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکەکانیدا بۆ خواست، هەروەها بەبۆنەی ڕۆژی نیشتمانیی کۆریای باشوور و پازدە ساڵەی هاتنی تیپی زەیتوونەوە بۆ هەرێمی کوردستان، سوپاس و پیرۆزبایی پێشکەش بە حکومەتی کۆریای باشوور کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز کونسوڵی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، هەردوولا خواستی خۆیان بۆ بەرەودانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی نێوانیان نیشان دا و قۆناغە سەختەکانی ساڵانی ڕابردووی هەرێمی کوردستان، شەڕی داعش، دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێ کرد.

هەرێمی کوردستان بەرز نرخاند و هەموو پشتگیرییەکی بۆ کار و ئاسانکارییەکی بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی کۆریای باشوور لە هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە.

لە کۆبوونەوەیەکدا دوێنێ سێشەممە 2019/10/1 لە بارەگای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی و بەڕێز جانگ کیونگ وۆک باڵیۆزی کۆریای باشوور لە عێراق، پرسی هاوکاریی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆریای باشوور و چەند بابەتێکی تر گفتوگۆیان لەسەر کرد.



سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی:

بە یەکڕیزی ئامانجەکانمان بەدیدێنین

سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی سوپاسی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کرد کە متمانەیان پێی داوە بۆ پۆستەکە و هیوای خواست بە یەکڕیزی ئامانجەکان بەدی بهێندرێن.

عەبدولڕەحمان مستەفا کە دوێنێ بە سەرۆکی لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە دەستنیشان کرا، لە دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەیان، لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند: "دڵخۆشم کە ئەو متمانەیە بە من درا، هیوادارم ئەم یەکڕیزییە بپارێزین، بەم یەکڕیزییە دەتوانین شتی زۆر بەدەست بهێنین."

ڕوونیشی کردەوە: "لە ناکۆکیدا شتی زۆرمان لەدەست داوە، بەڵام بە یەکڕیزی دەستکەوتمان هەبووە، هیوادارم بە یەکڕیزی ئامانجەکانمان بەدیبێنین."عەبدولڕەحمان مستەفا باسی لەوەش کرد کە لە کۆبوونەوەی لایەنەکاندا قسەی خۆی کردووە و هیواشی خواست، دەنگدەرانی ناوچە کوردستانییەکان هەموویان پاڵپشتیی لیستەکە بکەن و دەنگەکانیان نەفەوتێنن.

دووپاتیشی کردەوە: "هیوادارین هەموو لایەک بە ئەرکی نیشتمانیی خۆیان هەڵسن، دووبارە سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە ئەم شەرەفەیان بە من بەخشی."

سەعدی پیرە: پەرش و بڵاوی زەرەری زۆر گەورەی لە کورد داوە

ئەو لیستە عەرەبییەی لە کەرکووک دروستکراوە بۆ دژایەتیکردنی کوردستانیانە



سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بارەی ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بەشداریکردنیان بەیەک لیست لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق کە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە بە کورستان تیقی ڕایگەیاندووە: لە ڕاستیدا ئەگەر هەموو جارێک هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەیەکەوە تەبا بن و لەیەک سەنگەردا بن، دەستکەوتی زۆر گەورە بۆ کورد بەدی هاتووە، هەموو جارێکیش ئەگەر پەرش و بڵاوبوونەوە، زەرەری زۆر گەورە لە کورد دراوە. هەروەها گوتوویەتی: ئێستاکە دەبینین بارودۆخی ناوچەکانی دەرەوەی ئیداری هەرێمی کوردستان نائاسایی و بەتایبەتی لە پارێزگای کەرکووک و دیالە کاردەکرێت جارێکی ئەو ناوچانە بەعەرەب بکرێنەوە.

سەعدی پیرە ئەوەشی گوتووە: بەدڵنیاییەوە هەڵمەتەکە لەلایەن شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرستەکانی شیعە و سوننە بەڕێوە دەچێت، بەڵام بەبەکارهێنانی سەرۆکی پەرلەمان کە لەپشت ئەم کارەوەیە. ڕاشیگەیاندووە: ئەو لیستە عەرەبییەی لەکەرکووک دروستکراوە بۆ دژایەتیکردنی کوردستانیانەو پێشم وایە ئەو یەکگرتنەوەیان ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ.

پەیوەست بە هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق

وەزیری دادی هەرێمی کوردستان سکاڵای یاسایی لە دژی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تۆمارکرد



وەزیری داد لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، فەرسەت ئەحمەد سکاڵایەکی یاسایی لەسەر سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران عێراق، محەمەد حەلبوسی تۆمارکرد، سکاڵاکەش پەیوەندیی بە هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانەوە هەیە و لە دادگای باڵای فیدراڵی تۆمارکرا. لەوبارەیەوە لە ڕاگەیەنراوێکدا وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە: بە ئامانجی ڕەتکردنەوەی هەندێک لە ماددەکانی یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2019 یاسای هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگە و قەزایانەی لەناو هەرێمێکدا ڕێکنەخراون کە ژمارە 12ی ساڵی 2018یە؛ وەزیری دادی هەرێمی کوردستان، فەرسەت ئەحمەد (زێدە لەسەر وەزیفەکەی)، سکاڵانامەیەکی یاسایی ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کردووە و تیایدا سکاڵای یاسایی لە دژی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (زێدە لەسەر وەزیفەکەی) تۆمارکردووە.

هەروەها ئەوەش هاتووە "وەزیری داد سکاڵاکەی لە ڕۆژی 2019/9/24 لە ڕێگەی بریکاری یاسایی خۆیەوە ڕەوانەی دادگای باڵای فیدراڵی لە بەغدا کردووە کە تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە ئەو هەمواکردنە بەتاڵە چونکە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2019 یاسای هەمواری یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگە و قەزایانەی لەناو هەرێمێکدا ڕێکنەخراون کە ژمارە 12ی ساڵی 2018یە؛ وەزیری دادی هەرێمی کوردستان، فەرسەت ئەحمەد (زێدە لەسەر وەزیفەکەی)، سکاڵانامەیەکی یاسایی ئاراستەی سەرۆک و ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کردووە و تیایدا سکاڵای یاسایی لە دژی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (زێدە لەسەر وەزیفەکەی) تۆمارکردووە.

هەروەها ئەوەش هاتووە "وەزیری داد سکاڵاکەی لە ڕۆژی 2019/9/24 لە ڕێگەی بریکاری یاسایی خۆیەوە ڕەوانەی دادگای باڵای فیدراڵی لە بەغدا کردووە کە تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە ئەو هەمواکردنە بەتاڵە چونکە سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2019 بەتاڵ ببێت و ئیلغاکردنەوەی هەندێک لە ماددەکانی ببێتە کارێکی پێویست بەپێی حوکمەکانی ماددەی 12ی دەستوور".

ئاماژە بۆ ئەوەش کراوە کە وەزیری داد لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کردووە کە ئەو ماددانەی یاساکە کە لەو سکاڵانامەیەیدا تانەی لێداوە دادگای فیدراڵی فەرمان بە بەتاڵکردنەوەیان بدات و ئیلغای بکاتەوە، چونکە دژبە حوکمەکانی دەستووری عێراقن. لە دریژەی ڕاگەیەنراوەکەدا وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان باسی لەوەش کردووە کە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ماددە دەستوورییەدا، وەزیری داد لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هەشت خاڵدا بەڵگە یاساییەکانی بۆ نادەستووری بوون و نایاسایی بوونی ئەو یاسای هەموارکردنەوەیە خستووەتەڕوو.

UN: لەمساڵدا زیاتر لە هەزار کۆچبەر لە دەریای ناوەڕاستدا گیانیان لەدەستداوە

کۆمیسیۆنی کاروباری کۆچبەران لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت، لەمساڵدا لە دەریای ناوەڕاست زیاتر لە هەزار کۆچبەر گیانیان لەدەستداوە و ئەمەش شەشەمین ساڵە لەسەر یەک هەزار زیاترتێدەپەڕێت. بەپێی دەنگی ئەمەریکا، وتەبێژی کۆمسیۆنەکە چارلی یاکسلی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووە: کۆمسیۆن داوا دەکات توانای گەڕان و ڕزگارکردنەکان زیاتر ببێت و کەشتیەکانی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا بگەڕێنەوە بۆ ئەرکەکانی گەڕان و ڕزگارکردنی کۆچبەران وەکو چۆن کەشتیەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە دەریادا خەڵک ڕزگار دەکەن. ڕێکخراوی کۆچبەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت لە ساڵی 2014دا بەلایەنی کەمەوە 15 هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە کاتێک هەوڵیانداوە بە دەریای ناوەڕاستدا بپەڕنەوە.

موحسین سەعدوون: پێویستە سەرجەم فراکسیۆنە کورد‌ییەکان پشتگیری لە فراکسیۆنی پارتی بکەن

ئەوەی پەرلەمانی عێراق کردوویەتی پێشێلکردنی یاسا و ئازادیی مافی مرۆڤە



سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە خولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە شارەزای یاسایی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دادگای فیدراڵی سکاڵای لە دژی هەمواری یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان تۆمار کردووە و بڕیارە لەم چەند ڕۆژەدا یەکلا بکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەمواکردنەوەکە نایاساییە، لە بەرژەوەندیی کورد یەکلا دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی دووبارە هەموار بکرێتەوە.

سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئاشکراشی کردووە: بەپێی یاسا هەر هاوولاتییەک لە عێراق مافی ئەوەی هەیە کە دەنگ بدات و پێویستە حکوومەتیش هەموو ئاسانکارییەکی بۆ بکات، بەڵام بەپێی ئەو یاسایە، کە پەرلەمان هەمواری کردووەتەوە، مەرج بۆ ئاوارەکان دانراوە لە ماددەی 16ی هەمواری یاساکەدا بەوەی کە ئەگەر نەگەڕێنەوە بێبەش دەبن لە دەنگدان و حکوومەتیش هیچی بۆیان نەکردووە تاوەکو بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان، چونکە نە خزمەتگوزاری هەیە و نە ئەمنییەت، بۆیە ئەمە وا دەکات کە دادگا لە بەرژەوەندیی فراکسیۆنی پارتی بڕیار بدات و دووبارە یاساکە هەموار بکرێتەوە و هەموو هاوولاتیان بێ جیاوازی و بێ مەرج مافی دەنگدانیان هەبێت، چونکە ئەوەی پەرلەمان کردوویەتی، پێشێلکردنی یاسا و ئازادیی مافی مرۆڤە.

سەعدوون گوتیشی، بەپێی یاسا نەک هاوولاتیانی ناو عێراق، بگرە هاوولاتیانی عێراق لە دەرەوەی وڵاتیش مافی دەنگدانیان هەیە و پێویستە دەنگی خۆیان بدەن، بۆیە ئەو هەمواره سەرکەوتوو نابێت و پێویستە گۆڕانکاری تێدا بکرێت. ناوبراو دەشڵێ، پێویستە فراکسیۆنە کورد‌ییەکان هەموو هەوڵێک بدەن بۆ ئەوەی ئەو یاسایە هەموار بکرێتەوە، چونکە بەو شێوەیە جێبەجێ بکرێت، زیانی زۆر لە کورد دەدات و دەنگەکانی کورد کەم دەکات، هەر بۆیە پێویستە فراکسیۆنەکانی دیکەش هاوشێوەی پارتی پشتگیری لێ بکەن بۆ ئەوەی هەموار بکرێتەوە. باسی لەوەش کردووە: بە هیچ شێوەیەک نابێت مافی ئاوارەکان بخورێت و لە دەنگدان بێبەش بکرێن، چونکە حکوومەت هاوکارییان ناکات، جا چۆن ئۆتۆمبێلیان بۆ دابین دەکات بۆ ئەوەی لە هەرێم بچن لە شوێنەکانی خۆیان دەنگ بدەن، بۆیە پێویستە ئەمە چارەسەر بکرێت.

کارۆخ خۆشناو، سەرۆکی ئینستیتیوتی توێژینەوەی ئەمەریکی-کوردی بۆ خەبات :

ئەمەریکا پشتیوانی لە گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکان دەکات

ئەمەریکا وەک هاوبەشێکی ستراتیژی سەیری هەرێمی کوردستان دەکات

سەرۆکی ئینستیتیوتی توێژینەوەی ئەمەریکی-کوردی پێی وایە تاکۆتایی شەڕی تیرۆر و بنەبڕکردنی شانە نوستووەکان ئەمەریکا لە هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت. لەگفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (خەبات) کارۆخ خۆشناو دەڵێ: بەگشتی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهان لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بونیاتنراوە. سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمەریکا لەسەر گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکان؟ ناوبراو دەڵێت: هەڵوێستی ئەمەریکا لەسەر ڕوون و ئاشکرایە و پشتیوانی لەگەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە دەکات.

گفتوگۆی/عەلی نیشاری-هەولێر



هیچ جۆرە پەیوەندییەکی سیستەماتیک و فەرمی لە نێوان ئەمەریکا و کوردی باکوور و ڕۆژهەڵات لە ئێستادا بوونی نییە

گرنگترین کار کە پێویستە کورد لە ناوخۆی ئەمەریکادا ئەنجامی بدات پرۆسەی لۆبیکردن و بەدەستهێنانی پشتگیرییە بۆ کەیسی سەربەخۆیی کوردستان

ئەمەریکا پلانێکی درێژخایانی بۆ هاوکارکردنی کوردستان هەیە

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی ئێستای نێوان کورد و ئەمەریکا ؟ کارۆخ خۆشناو دەڵێ: دەبێت بەپێڵێنکراوی باسی دۆخەکان بکەین. "کورد" وەک کارەکتەرێکی نادەوڵەتی و هاوبەشێکی سەربازی گرنگ بۆ شەڕی دژی تیرۆر ناو دەبردرێن و هاوسۆزی رایگشتی ئەمەریکایان تا ئاستێکی باش مسۆگەر کردووە، بەڵام وەک بنەما و سیاسەتی فەرمی، پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا لە چوارچێوەی عێراقدا باس دەکرێت. لەبارەی تێرۆرانینی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان؟ ناوبراو دەڵێت: ویلایەتە یەکگرتووەکان وەک کیانێکی گرنگ و هاوپەیمان و دۆستێک، سەیری باشووری کوردستان دەکات، بەڵام لە چوارچێوەی عێراقێک کە بەهاوبەشی ستراتیژی خۆی دەزانێت، ئەمەریکا لەڕووی سیاسی و ئەمنییەوە، پشتگیری لەپاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتدا دەکات و بەڵایەوە گرنگە کورد ڕۆڵی سەرەکی و گرینگ بگێڕێت لەشەڕی تیرۆر و هەروەها دیموکراتیزەکردنی عێراق و بەرەوپێشبردنی لەڕووی ئابوورییەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان پلانی درێژخایەنی هەیە بۆ گرنگیدان و هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی گەشەسەندنی زیاتر".

تا چەند لوبیکردنی کورد لە واشنتن گرنگە؟

بەڕێزوونی سەرۆکی ئینستیتیوتی توێژینەوەی ئەمەریکی-کوردی پێویستە کورد جگە لە بەهێزترکردنی کاری لۆبیکردن لەواشنتن، سێکتەرەکانی تریش چالاک بکات: وەک پەیوەندی ئابووری نێوان بازاڕی کوردستان و ئەمەریکا، چالاکی کولتووری و هونەری، بڵاوکردنەوەی نووسین و بابەت لە ڕۆژنامە گرنگەکان، دەرکەوتن لەمیدیاکان، پشتگیری لەدەستپێکردنی پرۆگرامی توێژینەوەی کوردی لە ناوەندەکانی توێژینەوە لە واشنتن، دیپلۆماسی خۆراک و هەموو ئەو چالاکییەکانەی کە دەکەونە خانەی هێزی نەرمەوە. سەبارەت بە هەڵوێستی ئەم دواییەی ئەمەریکا لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان؟ کارۆخ خۆشناو دەڵێ: جگە لە باشووری کوردستان، پارچەیەکی دیکەی کوردستان کە لە سیاسەتی ئێستای ئەمەریکادا، جێی خۆی کردۆتەوە کە ئەوەیش ڕۆژئاوای کوردستانە. لەبارەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ ناوبراو گوتی: هیچ جۆرە پەیوندییەکی سیستەماتیک و فەرمی لەنێوان ئەمەریکا و کوردی باکوور و ڕۆژهەڵات لەئێستادا بوونی نییە، کوردانی ڕۆژهەڵات دەتوانن لەو دەرفەتەی بەهۆی گرژییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەمەریکا کە هاتۆتە پێش سوود وەربگرن، بەڵام بەهۆی نەبوونی هێزی مرۆیی شارەزا و ئیمکانیاتی دارایی وەکو پێویست نەیانتوانیووە ئەو کارە بکەن. گوتیشی: گرنگترین کار کە پێویستە کورد لە ناوخۆی ئەمەریکادا ئەنجامی بدات بریتییە لە پرۆسەی لۆبیکردن و پشتگیری بەدەست هێنان بۆ کەیسی سەربەخۆیی کوردستان، ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە بودجەیەکی زەبەلاح هەیە، چونکە "سەربەخۆیی" لە ئەمەریکای سەرمایەدارادا نە دەسەندرێت، نە دەبەخشرێت، بەڵکو دەکڕدرێت.

پەیوەندیی نێوان کورد و ئەمەریکا لەسەر چ بناغەیەک بنیاتنراوە؟

لەوبارەیەوە سەرۆکی ئینستیتیوتی توێژینەوەی ئەمەریکی-کوردی دەڵێت: بەگشتی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهان لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا بونیاتنراوە، دوای ڕاپەڕین پەیوەندییەکانی نێوان کوردستانی باشوور و ئەمەریکا، لەسەر بنەمایی یارمەتی مرۆقدۆستی و پاراستنی کورد لە زوڵم و زۆری ڕژێمی سەدام دامەزرا، بەڵام لەئێستادا کیانی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی و ئابووری هەیە بۆ دژایەتیکردنی تیرۆر و دووبارە بونیاتنانەوە و گەشەپێدانی عێراقێکی دیموکرات و کوردستانێکی گەشەسەندوو.

بۆ ئەمەریکا گەورەترین کونسوڵخانە لە هەولێر دروست دەکات؟

کارۆخ خۆشناو پێی وایە ئەمەریکا وەک هاوبەشێکی ستراتیژی سەیری هەرێمی کوردستان دەکات و بە لایەوە گرنگە بکەوێتە سەر ڕاستەڕێی دامەزراوەیی و دیموکراسی و ئاوەدانی، چونکە هەرێمی کوردستان تاکە قەوارەی سەقامگیرە لە عێراقدا. دەشڵێت: کوردستان لەڕووی سیاسی و سەقامگیری و ئاوەدانییەوە، ڕۆڵی سومبولێکی سەقامگیر و پێشکەوتووخواز و دیموکراسی و پێکەوەژیان دەبینێت کە بەشەکانی دیکەی عێراق لێی بێ بەشن. ئەوەشی گوت: دەکرێت عێراق و وڵاتانی ناوچەکە سوود لە ئەزموونی پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان ببینن، لەڕووی ئابووریشەوە هەرێمی کوردستان وەک دەروازەیەک سەیر دەکرێت بۆ چوونە ناو بازاڕی عێراق، فاکتەرێکی تر بریتیە لە گرنگی پێگەی جیوپۆلەتیکی هەرێمی کوردستان بەلای ئەمەریکاوە، هەر لەبەرئەوەیش بریاری دروستکردنی گەورەترین کونسوڵخانەی لە هەولێر داوە.

هەڵوێستی ئەمەریکا چییە لەسەر گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە کێشەلەسەرەکان؟

لەوبارەیەوە کارۆخ خۆشناو دەڵێ: هەڵوێستی ئەمەریکا ڕوون و ئاشکرایە، ئەمەریکا ئەو ناوچانە بەناوچەی کێشە لەسەر دەناسێت و پشتگیری بەڕێوەبردنیان بە هاوبەشی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات، لە هەر سێ ڕووی ئیداریی و ئەمنی و سەربازی، هەروەها پشتیوانی لەگەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە دەکات بۆ ئەوەی بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزە فەرمییەکانی سووپای عێراق بە ئەرکی دابینکردنی ئاسایش و شەڕی دژی تیرۆر هەستن، بەڵام ئەمەریکا نایەوێت دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆ لەکێشە ناوخۆییەکانی عێراق بکات و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ڕێگای دیالۆگەوە بۆ کورد و عێراقی جێ هێشتووە. هەروەها دەشڵێت: ئەگەرچی ئەمەریکا دیموکراسی و گەشەسەندن و پێشکەوتن بە پرۆسەیەک دەبینێت، کە پێویستی بە هەماهەنگی نێوان هەرێم و بەغدا هەیە، هەندێک جار ئەم پرۆسەیە تووشی کۆمەڵێک گرفت و گرژی و مللمانێی ناوخۆیی دەبێتەوە، بەڵام ئەمەریکا ئەو گرفتانە لەپرۆسەکەدا بە ئاسایی دەبینێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە هانی هەردوولا دەدات بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتن بەگوێرەی دەستوور.

ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە

سەرۆکی ئینستیتیوتی توێژینەوەی ئەمەریکی-کوردی باس لەوە دەکات: لەئێستادا بەشێوەیەکی فەرمی هاوکارییەکانی ئەمەریکا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دوو ساڵی تر درێژکراوەتەوە، دوای ئەم دووساڵەش پێموایە تا کۆتاییهێنان بەشەڕی تیرۆر و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنان و بنبڕکردنی شانە نووستووەکانیان هاوکارییەکان بەردەوام دەبن، بەڵام لەوانەیە دوای لاوازبوونی تیرۆر ئەمەریکا مەرجی بۆ بەردەوامبوونی هاوکارییەکان هەبێت و داوای بەدامەزراوەییکردن و یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە بەشێوەیەکی مۆنەسەساتی و ستانداردی نیشتیمانی بکات. سەبارەت بە پشتگیرکردنی ئەمەریکا لە کورد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا؟ **کارۆخ خۆشناو دەڵێت:** بێگومان ئەمەریکا پشتگیری ئەو هەنگاوە دەکات، ئەوەیش لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا و لایەنگری کوردستانێکی پێشکەوتوو دەکات، هەڵبەت هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی جیاواز بە کولتوور و زمان و میژووی خۆیەوە دەناسن و پشتیوانی لە چارەسەری کێشەی کورد دەکەن لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا دەژین.

عێراق... بۆ پرۆتێستۆکردنی گەندەڵی و بێکاری

خۆپیشاندان لە بەغداو چەند شارێکی باشوور بەڕێوەچوو و قوربانیشی لێکەوتەوە



لە چەند شارێکی باشووری عێراق بە تایبەتی بەغدای پایتەخت و بەسرە خۆپیشاندان سازکرا بۆ پرۆتێستۆکردنی گەندەڵی و بێکاریی لە وڵاتدا. دوێنێ سێشەمە دەیان کەس لە گۆڕەپانی تەحریر لە ناوەڕاستی بەغدا کۆبوونەوە و، بە هۆی بەرەنگارنەبوونەوەی گەندەڵیی و نەدۆزینەوەی چارەسەر بۆ بێکاریی، نارەزایەتیان دژ حکوومەت دەربڕی. خۆپیشاندان هوتافیان دژی حکوومەت کێشا و، ویستیان بەرەو ناوچەی سەوز بەڕێبکەون کە دامودەزگا حکوومییەکانی لێیە، بەڵام هێزە ئەمنییەکان ڕێگەیان پێ نەدان. لە کاتێکدا لە دەوروبەری ناوچەی سەوز ڕێوشوێنی ئەمنیی توند گیراوەتەبەر، تەواوی ئەو ڕێگایانەی بۆ ناوچەکە دەچن داخراون.

هاوکات لەگەڵ بەغدای پایتەخت، لە شارەکانی دیکەی باشووریش خۆپیشاندانی هاوشێوە ڕێکخرا. لەو خۆپیشاندانانەی لە شاری بەسرە سازکران کە دەوڵەمەندە بە نەوت، 12 کەس دەستگیرکران. دوای ئەوەی لە میسر خۆپیشاندانەکان دژ بە سەرکۆماری ئەو وڵاتە، عەبدولفەتاح سیسی تەشەنەی سەند، لە عێراقیش لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە چەند بڵاوکراوەیەکی وەک "لە یەکی تشرینی یەکەمدا کۆدەبینەوە؟ " "لە یەکی تشرینی یەکەمدا تۆش وەرەدەرەوە و بێ دەنگ مەبە" ? "یەکی تشرینی یەکەم ڕابەڕینە مەزنەکە "و "میسری لە تۆ بوێرتر نییە "بڵاوکرایەوە و، داوا لە خەڵک کرا بڕێژنە سەر شەقام و پرۆتێستۆی حکوومەت بکەن.

بە گوێرەی میدیا عێراقییەکانیش، تا ئێوارەی دوێنێ سێشەمە بە هۆی تووندوتیژییەکان هاووڵاتییەک گیانی لەدەستداوەو هەروەها 50 بریندار لە هەردوو لایەنی هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەرانەوە هەیە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ پارت و گرووپێکی سیاسیی ئەو بانگەوازانەیان لە ئەستۆ نەگرتووە کە لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە بڵاوکراوەتەوە. نوێنەرانی ڕێبەری شیعە، موقتەدا سەدر کە خاوەنی گەورەترین کوتلەیە لە عێراق، ڕایانگەیاند کە بەشداری لەو خۆپیشاندانانەدا ناکەن.

هەدەپە: پێویستە چاکسازی لە دادگاکانی تورکیا بکرێت



سەزای تەمەللی هاوسەرۆکی هەدەپە داوای گۆڕینی یاسای تیرۆر لە تورکیا دەکات و ڕایدەگەیەنێت، پێویستە چاکسازی لە دادگاکانی تورکیا بکرێت. سەزای تەمەللی لە کۆبوونەوەیدا لەگەڵ ژمارەیەک کۆمەڵە لە شاری ئیستانبوڵ ڕایگەیاند: پێویستە چاکسازی لە دادگاکان ئەنجام بدرێت و دەستووری تورکیاش بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی هەموار بکرێتەوە. تەمەللی، گوتیشی: لە ڕێگەی یاسای تیرۆر لە تورکیا مافی بەشێکی زۆری هاوواڵتیان خوراوە و پێویستە ئەو یاسایەش بگۆڕدرێت.

داواشی لە پەرلەمانتاران کرد، ئەرک و مافی خۆیان بزانن و نەکەونە ژێر کاریگەری داواکارییەکانی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا. ئەمە لەکاتێکدایە وەرزی نوێی یاساداناں لە پەرلەمان ئەو وڵاتە دەستپێدەکات. بڕیاریشە لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێی یاساداناں لە پەرلەمانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا بەشدار بێت و چاکسازی لە دادگاکانیش گرنگترین ئەو بابەتانە دەبێت کە پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە دەکات.

پەرلەمانتارێکی کورد: هەوڵەکانی شکستهێنان بە حکوومەتی عێراق سەری نەگرت

پەرلەمانتارێکی کورد لە پەرلەمانی عێراق پێی وایە، هەندێ لایەنێ سیاسیی عێراق هەموو هەوڵێکیان دا بۆ ئەوەی شکست بە کابینەی ئێستای حکوومەت بێنن. دەشڵێت، تا ئێستا هەوڵەکانیان بێبەهووده بووە. هندرێن لەزگین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەندێ لایەنی سیاسیی عێراق هەوڵەکانیان چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی بانگی وەزیرەکان بکرێت بۆ پەرلەمان و فشاریان بخرێتە سەر بۆ ئەوەی دەست لە کار بکێشنەوە، یان متمانەیان لێ وەربگیرێتەوە، بەڵام تا ئێستا هەوڵەکان بۆ شکستهێنانی حکوومەتی عێراق سەرکەوتوو نەبووە و سەریان نەگرتووە.ئەو پەرلەمانتارە دەشڵێت: فشاری لایەنی سیاسی بووە هۆکار لە ماوەکانی ڕابردوودا دەستلەکارکێشانەوە پێشکەش بە سەرۆکوەزیران بکرێت، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەزیری تەندروستی لەخۆی ڕانەبینیوە داواکاریی لایەنەکان جێبەجێ بکات. هندرێن لەزگین ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: لە عێراق گەندەڵییەکی گەورە لەسەر مالی گشتی هەیە، بەتایبەتی ئەو کەرتانەی پەیوەستن بە خزمەتگوزارییەوە، بەڵام حکوومەت بە دەستلەکارکێشانەوەی چەند وەزیرێک شکست ناهێنێت و ئەگەریش پەرلەمان متمانە لە وەزیرێک و چەند وەزیرێک وەربگرێتەوە وەزیری دیکە لە شوێنیان دەستبەکار دەبن.



سەقامگیریی هەرێمی کوردستان جێی بایەخی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری پۆڵۆنیایە

شاندێکی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئەمیر جەرگیس بەرپرسی دێسکی ئەوروپا لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کە بە بانگهێشتێکی فەرمی کۆڕبەندی ئاساییشی وارشۆی 2019 سەردانی وارشۆی پایتەختیان کردووە، چەندین دیدار و کۆبوونەوەی سیاسییان لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومی و هزری و ستراتیژی و ئەمنی و ئەکادیمی کۆماری پۆلۆنیا ئەنجام دەدەن و لە یەکەمین دیدار و چالاکییەکەشیاندا شاندەکە لە لایەن دکتۆر ماچێی لانگ، جێگری وەزیری دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا و بەرپرسی کاروباری سیاسی و ئاسایشی وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ ئاسیا، ئەفریقیا، ئەمەریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێز بارتۆش گرۆداتسکی، بەرپرسی فەرمانگەی کاروباری کۆنسوڵخانەکان لە وەزارەتی دەرەوە و ستێفان هەینتۆڤیچ، ڕاوێژکاری جێگری وەزیری دەرەوە بە گەرمی پێشوازی کرابوون، شاندی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان هەروا بە جیا لە وەزارەتی دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا لە لایەن هەریەک لە بەڕێزان پڕێمێسواڤ بۆباک، بەرپرسی فەرمانگەی ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوە و جێگری دووەمی فارمانگەی ناوبراو هۆبێرت شڤێنتێک، پشوازییان لێکرا. لە دیدارێکدا هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیمۆکراتی کوردستان و شاندی یاوەری چەندین بابەتی گرنگیان لەگەل بەرپرسی فەرمانگەی ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا تاوتوێ کرد لەسەر گرنگی بەرەوپێشەوەبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری پۆلۆنیا و ئەنجامی سەردانی شاندی بااڵی وەزارەتی دەرەوەی پۆلۆنیا بە سەرۆکایەتی چیگری وەزیری دەرەوە بۆ هەولێر لە کۆتایی مانگی تەموزی ئەمساڵ و پرسی بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی کۆماری پۆلۆنیا بۆ کۆنسوڵگەری گشتی لە هەرێمی کوردستان ، بەرەودان بە پەیوەندییەکانی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کەلتووری و ئەکادیمی و چەندین لایەنی تری جێی بایەخ لە نێوان کوردستان و گەڵ و حکوومەتی پۆلۆنیا. هەروا شیکردنەوەی دووا پێشهاتەکانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە لە دوای نەمانی داعش و ڕەهەندەکانی دیالۆگی لێکتێکگەیستن لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستوور و ڕێزگرتن لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و مادەی 140ی دەستوور بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

بەرپرسی فەرمانگەی ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا تاوتوێ کرد لەسەر گرنگی بەرەوپێشەوەبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری پۆلۆنیا و ئەنجامی سەردانی شاندی بااڵی وەزارەتی دەرەوەی پۆلۆنیا بە سەرۆکایەتی چیگری وەزیری دەرەوە بۆ هەولێر لە کۆتایی مانگی تەموزی ئەمساڵ و پرسی بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی کۆماری پۆلۆنیا بۆ کۆنسوڵگەری گشتی لە هەرێمی کوردستان ، بەرەودان بە پەیوەندییەکانی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کەلتووری و ئەکادیمی و چەندین لایەنی تری جێی بایەخ لە نێوان کوردستان و گەڵ و حکوومەتی پۆلۆنیا. هەروا شیکردنەوەی دووا پێشهاتەکانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە لە دوای نەمانی داعش و ڕەهەندەکانی دیالۆگی لێکتێکگەیستن لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستوور و ڕێزگرتن لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و مادەی 140ی دەستوور بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان.

بەرپرسی فەرمانگەی ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری پۆلۆنیا تاوتوێ کرد لەسەر گرنگی بەرەوپێشەوەبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری پۆلۆنیا و ئەنجامی سەردانی شاندی بااڵی وەزارەتی دەرەوەی پۆلۆنیا بە سەرۆکایەتی چیگری وەزیری دەرەوە بۆ هەولێر لە کۆتایی مانگی تەموزی ئەمساڵ و پرسی بەرزکردنەوەی ئاستی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی کۆماری پۆلۆنیا بۆ کۆنسوڵگەری گشتی لە هەرێمی کوردستان ، بەرەودان بە پەیوەندییەکانی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کەلتووری و ئەکادیمی و چەندین لایەنی تری جێی بایەخ لە نێوان کوردستان و گەڵ و حکوومەتی پۆلۆنیا. هەروا شیکردنەوەی دووا پێشهاتەکانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە لە دوای نەمانی داعش و ڕەهەندەکانی دیالۆگی لێکتێکگەیستن لە نێوان هەولێر و بەغدا بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستوور و ڕێزگرتن لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی

بەهائییەکانی یەمەن لەبەر دەرگەی UN و تاراندا



مەریوان نەقشبەندی

لەکاتێکدا گوشارەکانی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ سەر دەسەڵاتدارانی ئێران زیاتر دەبن و ئێرانیش بە هاوکاریکردنی میلیشیا و گرووپە چەکدارە شیعەکانی یەمەن و لوبنان و سووریا و عێراق تۆمەتبار دەکەن، لەپێشهاتێکی نوێدا میلیشیاحوسییەکان لە ڕێگەی داواکاری گشتیی دادگای سەنعا نەک هەر داوای لەسێدارەدانی حامد حەیدەرە کەسایەتی بەهائیی یەمەن و سەپاندنی تووندترین سزا بەسەر کۆی دەستگیرکراوە بەهائییەکان لەیەمەن دەکات، بەڵکو داوای دەستبەسەراگرتنی مووڵک و ماڵ و دەرکردنی هەموو بەهائییەکانی ئەو وڵاتە دەکات کە بەهەزاران کەس دەبن، هەروەها داوای کردوە لەمەودوا ڕێگە بەهیچ بەهائییەک نەدرێت بێتەوە ناو خاکی یەمەن.

ئەم هەڵوێستە تازەیەی حوسییەکانی یەمەن کاردانەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان و زۆربەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی بەدوای خۆیدا هێنا و لەبڕیارێکی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە 2019/9/26 دەرچووە "بەتوندی ئیدانەی ئەم هەڵوێستەی حوسییەکان دەکات و بڕیارەکەش تەنها دوو هەفتە دوای ئەو هەڵوێستەی حوسییەکان دەرچووە کە لە ڕێگەی دادگای تێهەڵچوونەوەی سەنعا داواکاری گشتی سەرلەنوێ داوای جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدانی کەسایەتی ناسراوی بەهائییەکانی یەمەن "حامد حەیدەرە"ی کردوە.

لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان هەروەها هاتووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە وردی و بەگرنگییەوە چاودێری بارودۆخی بەهائییەکان لەڕێز دەسەڵاتی حوسییەکان دەکات و داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی لەسێدارەدانی حامد حەیدەرە و ئازادکردنی دەستبەجێی هەموو گیراوە بەهائییەکان و لابردنی ئەو کۆت و بەند و ڕێوشوێنە نامرۆڤیانە دەکات کەدەسەڵاتدارانی سەنعا بەرامبەر بەهائییەکانی ئەو وڵاتە گرتوویانەتەبەر هەروەها داوای کۆتاییهێنان بە وتاری هاندان دژی بەهائییەکان دەکات.

لەسەر ئەم پێشهاتە نوێیەی یەمەن، لێکۆڵەر و شارەزایانی بواری یاسا و ئازادیيە ئاینییەکان ئەم بڕیارەی داواکاری گشتیی حوسییەکانی یەمەن دژی بەهائییەکان بەبڕیارێکی سیاسی دەزانن و هاوشێوەی گوشارەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ سەر بەهائییەکانی ئەو وڵاتە دەبینن، کە بە سەدان هەزار بەهائی لەئێران دەژین و لەژێر گوشار و تۆمەتی بەردەوامی دەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتەدان و هەندێ سەرچاوەی نافەرمیش ئاماژە بۆ پەیامێکی نهێنی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن کە ساڵی1991 داوای کردووە بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو هەوڵی تێکشکاندن و هەڵکێشانی ڕەگ و ریشەی بەهائییەکان لە دەرەوەی ئێران بدرێت.

شایانی باسە هەتا ئێستا نە دەسەڵاتدارانی ئێران و نە حوسییەکان و نە هیچ وڵاتێکی دنیاش هیچ تۆمەتێکی سیاسییان لەسەر هیچ بەهائییەک لەناو ئێران و لەجیهاندا ساغ نەکردۆتەوە و هەموو ئەو تۆمەتانەش کە بەبەکرێگیراوی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا ئاراستەی بەهائییەکان دەکرێت هەمووی بۆ ناشیرینکردنی بەهائییەکان و ئاینی بەهائییەکانە کە ژمارەیان لەئێران و وڵاتانی جیهاندا لە 7 ملیۆن تێپەڕی کردووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ژمارەی باوەڕداران و ئەوانەی هاوسۆزی بەهائییەکانن لەجیهاندا لەزیادبوونداn.

لەهەرێمی کوردستانیش بەهائییەکان خاوەنی ئەنجوومەنی تایبەت بەخۆیانن و نوێنەریشیان هەیە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکوومەتی هەرێم و بەپێی یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2015ی پەرلەمانی کوردستانیش بەهائییەکان هەموو مافێکی هەر هاوڵاتییەکی هەرێمی کوردستانیان هەیە و چەندین جاریش داوا کراوە پەرلەمانی عێراق بڕیاری قەدەغەکردنی چالاکی بەهائییەکان لە عێراق هەڵبوەشێنێتەوە کە ڕژێمی بەعس ساڵی1970 دەریکردووە و تا ئێستا لەعێراقدا بەهائییەکان وەک ئاینێکی فەرمی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، ئەگەرچی دەستووری عێراق مافی بەهەموو باوەڕداریک داوە مومارەسەی ئاینی خۆی بەئازادی بکات.

حەشدی شەعبی:

تۆمەتبارکردنی ئیسرائیل داگیرساندنی گڵۆپی سەوزە بۆ تۆڵەکردنەوە



حەشدی شەعبی ڕایگەیاند، ئەو ڕاگەیاندنەی سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کە تیایدا ئیسرائیلی بە بۆردومانەکانی ئەم دوایانەی سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبی تۆمەتبارکردووە، داگیرساندنی گڵۆپی سەوزە بۆ تۆڵەکردنەوە. لەبارەوە ئەمینداری گشتی گرووپی "سەید شوهەدا"سەربە حەشدی شەعبی، ئەبو ئالا ئەلوەلائی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر نووسیویەتی "ئەوەی سەرۆکوەزیران عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاندووە لەوەی کە ئیسرائیل لە پشت بۆردومانەکانی سەر بارەگاکانی حەشدی شەعبییەوەیە، ئەوا داگیرساندنی گڵۆپی سەوزە بۆ تۆڵەکردنەوە". ڕۆژی دووشەمە، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی بۆ یەکەمجار ڕاستەوخۆ ئیسرائیلی بە ئەنجامدانی ئەو بۆردومانانە تۆمەتبارکرد کە بەم دواییانە کرانە سەر پێگەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق. عادل عەبدولمەهدی لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئەلجەزیرە گوتی: لێکۆڵینەوەکان لەبارەی کردنەئامانجی ژمارەیەک پێگەی حەشدی شەعبی ئامانجە بەوە دەدەن کە ئیسرائیل بۆردومانەکانی ئەنجامداوە. سەرۆکوەزیرانی عێراق ئەوەشی گوتبوو "ئامانجی زۆر هەن بەوەی هیچ کەسێک شەڕی ناوێت لە ناوچەکەدا جگە لە ئیسرائیل نەبێت". جێی باسە لە ماوەکانی ڕابردوودا لە زنجیرەیەک بارەگای حەشدی شەعبی لە چەند ناوچەیەکی عێراق کرانە ئامانج و تا ئێستا ئەو لایەنە ئاشکرا نەکراوە کە ئەو هێرشانەی ئەنجامداوە.

فراکسیۆنی سادقون: دەبێت وەڵامی ئیسرائیل بدرێتەوە

پێویستە عێراق ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ ئەمەریکا هەڵبوەشێنێتەوە



ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی سادقون، حەسەن سالم ڕایگەیاند کە ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی هێرش دەکەنە سەر حەشدی شەعبی لە بنکەکانی ئەمەریکاوە لە عێراق دەفڕن. حەسەن سالم لە ڕاگەیەنراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە دوای یەکلاییبوونەوەی تێوەگلانی لە هێرشکردنە سەر پێگەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق، ئێستا پێویستە وەڵام ئیسرائیل بدرێتەوە.

حەسەن سالم ڕایگەیاندووە کە پێویستە ڕێککەوتننامەی ئەمنی نێوان عێراق و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵبوەشێنێتەوە و نووسیویەتی "پێویستە عێراق ڕێککەوتننامەکەی لەگەڵ ئەمەریکا هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە ئەمەریکا ئەو ڕێککەوتننامەیەی پێشێلکردووە و ئاسمانی عێراق ناپارێزێت، بەڵکو فڕۆکەکانی ئیسرائیل لە بنکە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە عێراقەوە دەفڕن". حەسەن سالم کە فراکسیۆنەکەی خاوەنی 15 کورسییە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ناوەڕۆکی ڕاگەیەنراوەکەیدا باسی لەوەکردووە کە "داوا لە سەرۆکوەزیران دەکەین ڕاستیی ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرابکات و ڕێککەوتننامەی ئەمنیی نێوان ئەمەریکا و عێراق هەڵبوەشێنێتەوە".

بە هۆی دەستگیرکردن و سووکایەتیکردن بە دوو دیپلۆماتکاری عێراقی

عێراق کارەکانی کۆنسوڵگەری وڵاتەکەی لە شاری مەشهەدی ئێران هەڵپەسارد

دوێنێ سێشەمە وەزارەتی دەرەوەی عێراق داخستنی کۆنسوڵگەی گشتیی خۆی لە شاری مەشهەدی ئێران ڕاگەیاند، ئەمەش دوای ڕوودانی دەستدرێژی بۆ سەر دوو کارمەندی کۆنسوڵگەکە. وەزارەتی دەرەوەی عێراق ڕایگەیاندووە کە کارکردنی کۆنسوڵگەی مەشهەدی ڕاگرتووە، ئەمەش دوابەدوای ڕووداوێکی دەستدرێژی بۆ سەر دوو دیبلۆماتکاری عێراقی لەو کۆنسوڵگەیەدا.

گوتەبێژێک بە ناوی وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئاشکرای کردووە کە محەممەد عەلی حەکیم وەزیری دەرەوە بڕیاری ڕاگرتنی کارەکانی کۆنسوڵگەی مەشهەدی داوە. جێی باسە دوو فەرمانبەری کۆنسوڵگەکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە لە شاری مەشهەد ڕووبەڕووی سووکایەتی و ئەشکەنجەدان و زیندانیکردن بوونەوە، عێراقیش بەو مەرجە بڕیاری کردنەوەی کۆنسوڵگەکە دەدات، کە کۆماری ئیسلامیی ئێران داوای لێبووردن بکات.

بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئەمەریکا

وەزیری بەرگریی پێشووی ئێران سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو

K24: دادگای ئێران سزای لە سێدارەدانی بۆ وەزیری بەرگری پێشووی وڵاتەکەی بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ ئەمەریکا سەپاند. غولام حوسەین ئیسماعیلی، وتەبێژی دەسەڵاتی دادوەریی ئێران، بە کەناڵی فەرمی حکوومەتی ئێرانی گوتووە: وەزیر سیخوڕی بۆ وێلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کردووە و سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە. ئاشکراشیکردووە، سێ بەرپرسی دیکە بە هەمان تۆمەت بۆ ماوەی 10 ساڵ زیندانیی دەکرێن، بەاڵم یەکێکیان سیخوڕی بۆ بەریتانیا کردووە. جێی باسە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو کەسانەی "خیانەت" لە وڵاتەکەی دەکەن، بە لە سێدارەدان سزایان دەدات.

یەمەن.. کوژران و بریندارببوونی دەیان چەکداری حووسی

سەرچاوەیەک لە سوپای یەمەن ڕایگەیاند کە شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانیان و چەکدارانی حووسی لە پارێزگای حودەیدە ڕووداوە و لە میانداا دەیان چەکدار کوژراون و بریندارببون. گوتەبێژی ڕاگەیاندنی سوپای یەمەن، مەئمون مەجهەمی ڕایگەیاند، شەڕ و پێکدادانەکە کاتێک ڕوویدا کە چەکدارانی حووسی هێرشیانکردە سەر خاڵەکانی سوپا لە ناوچەکانی جەبەلییە، دریهمی، حەیس و تەحیتا باشووری حودەیدە.

مەئمون مەجهەمی باسی لەوەش کرد کە چەکدارانی حووسی لە میانی هێرشەکەیاندا، چەکی قورسیان بەکارهێناوە و هەوڵی ئەوەیان دابوو کە بەرەو ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی سوپا ، پێشڕەویی بکەن. گوتەبێژی ڕاگەیاندنی سوپای یەمەن، مەئمون مەجهەمی ئاشکرای کرد کە لە شەڕ و پێکدادانەکەدا، دەیان چەکداری حووسی کوژران و بریندارببوون.

لە بارەگای لقی 24ی سەفین سیمینارێک بۆ بەرپرسی لق بەڕێوەچوو



مەکتەبی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی لقی 24ی سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان سیمینارێکی لەژێر ناونیشانی هەرێمی کوردستان و گۆڕانکاریەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی ڕێکخست، بەئامادەبوونی مامۆستایان و ڕوناکبیران و بەرپرسانی یەکەئیدارییەکان و کەوادیرانی لق و قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. سەرەتای سیمینارەکە بەچەند ساتێک وەستان بۆگیانی پاکی شەهیدان و سەروەریان بارزانی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە لەیاد دەستی پێکرد. دواتر هیوا ئەحمەد مستەفا بەدرێژی هاتە سەر باسی ئەو گۆڕانکارییە هەنوکەییانەی کە لە هەرێمی کوردستان هاتونەتە پێش بۆ ئامادەبوونی سیمینارەکەی شیکردەوە. هەر لەدرێژەی باسەکەدا کۆڕگێڕ باسی لەو گۆڕانکاریانە کرد کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی ڕوویانداوە و پەیوەندی نێوان دەوڵەتە زلێهێزەکان و تەسفیە حیسابی نێوان ئەو دەوڵەتانە بەگشتی بۆ ئامادەبووان باسکرد.

لەکۆتاییدا بە چەند پرسیارێکی ئامادەبوان و وەڵامدانەوەی لەلایەن هیوا ئەحمەد مستەفا کۆتایی بە سیمینارەکە هات.

کەرامەترین ئافرەتا کوردستانێ دایکێن شەهیدانە




دێژە دان ب بەرنامێ سێ سالێن چوی یێن خزمەت و هاریکاریکرنا مالباتێن شەهیدان سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک بیاوەریا بەرپرسێ نڤێسینگەها شەهیدان لسنورێ لیژنا ناوچا ئالا دگەل هژمارەکا مالباتێن شەهیدان کومبو، دڤێ کومبونێ دا بەرپرسێ لقێ ئامارژە دا وێ چەندێ کو کەرامەترین ئافرەتا کوردستانێ دایکێن شەهیدانە و هەمی ئافرەتێن کوردستانێ قەدرارێن وانە چنکی بهاترین تشت پێشکێشی ڤێ ئاخێ کرینە و ئەڤرو ژی شەهید سومبولێن ڤی وەلاتینە هەروەسا بەرپرسێ لقێ وەک پێشنیار بو حکومەتا نوی یا هەرێما کوردستانێ دا دیارکرن کو موچێن شەهیدان لهەمو پلەدارێن حکومەتێ بلند تربیت هەروەسا بەرپرسێ لقێ دا دیارکرن ئەف هاریکاریە و چارەسەریا نەخوشێن مالباتێن شەهیدان دێ بەردەوام بن و دێ هەمی هەولا دەین کو ژیاناوان د هەمی بواراندا خوشتربیت ژلایێ خوڤە کەس وکارێن شەهیدان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر ژبو گوهداریکرنا گلەوگازندێن وان.

وەزیری شارەوانی لەگەڵ پەرلەمانتارانی زاخۆ کێشە و داواکاری هاوواڵتییانی سنوورەکەی تاوتوێ کرد

لە دیوانی وەزارەت، ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە ژمارەیەک پەرلەمانتاری شاری زاخۆ کرد و لە دیدارەکەدا، کێشە و گرفتەکانی ئەو شارە پەیوەست بە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار داوای هاوواڵتییانیان گەیاندن. بەڕێز ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە کێشە و داواکاری و خزمەتگوزارییەکانی هاوواڵتییانی زاخۆ، پێشوازی لە ژمارەیەک پەرلەمانتار کرد و داواکاری و کێشەی هاوواڵتییانی سنوورەکەیان تاوتوێ کرد. دوێنێ سێشەمە 1ی ئۆکتۆبەری2019 ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کێشە و داواکاری و خزمەتگوزارییەکانی هاوواڵتییانی زاخۆ، پێشوازی لە ژمارەیەک پەرلەمانتار کرد و داواکاری و کێشەی هاوواڵتییانی سنوورەکەیان تاوتوێ کرد. دوێنێ سێشەمە 1ی ئۆکتۆبەری2019 لە هاتونەتە پێش بۆ ئامادەبوونی سیمینارەکەی شیکردەوە. هەر لەدرێژەی باسەکەدا کۆڕگێڕ باسی لەو گۆڕانکاریانە کرد کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی ڕوویانداوە و پەیوەندی نێوان دەوڵەتە زلێهێزەکان و تەسفیە حیسابی نێوان ئەو دەوڵەتانە بەگشتی بۆ ئامادەبووان باسکرد.

لەکۆتاییدا بە چەند پرسیارێکی ئامادەبوان و وەڵامدانەوەی لەلایەن هیوا ئەحمەد مستەفا کۆتایی بە سیمینارەکە هات.

وەزیری کارەبا پێشوازی لە بەرپرسی کاروباری بەشی ئابووری لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق کرد



سەرلەبەیانی دوێنێ ئەندازیار کەمال محەمەد ساڵح وەزیری کارەبا هەرێم پێشوازی کرد لە باتریک ئێم بەرپرسی کاروباری بەشی ئابووری لەباڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق و شاندی یاوەری، لەو دیدارەدا بەڕێوەبەرانی گشتی بەرهەمهێنان و گواستنەوەو بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبا ئامادەبوون وەزیری کارەبا وێڕای بەخێرهاتنی بەرپرسی کاروباری ئابووری لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەعێراق باسێکی سەبارەت بە کاروبارەکانی وەزارەت و ئەو هاوکارییانە کرد کە لەماوەی رابردوودا وەزارەت پێشکەشی وەزارەتی کارەبای عێراق و تۆڕی کارەبای عێراقیان کردووە، لەلایەن خۆیەوە کونسوڵی ئەمەریکا لە عێراق بۆ کاروباری ئابووری پیرۆزبایی لە وەزیری کارەبا کرد لەئەرکی نوێتی داو ئومێدەوار بوو لەداهاتوودا پەیوەندییەکانی نێوان وەزارەتی کارەبا و باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت و ئامادەیی خۆشی دەربڕی بۆ پتەوکردنی زیاتری پەیوەندییەکانیان لەپێناو پێشخستنی کەرتی کارەبا لەهەرێمی کوردستان.

تەوەرێکی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بەو قەرزانەی عێراق لەبواری ئەنجامدانی پرۆژەکان وەریگرتووەو بەشی هەرێمی کوردستانی لێنەداوە، لەم ڕووەوە وەزیری کارەبا داوای لە کونسوڵی ئەمەریکا کرد وڵاتەکەی هەوڵەکان بخاتەگەڕ لە پێناو وەرگرتنی بەشی هەرێمی کوردستان لەو قەرزانە بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە پێشخستن و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی کارەباوە هەیە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانیش لێی سوودمەند بێت، کونسوڵی ئەمەریکا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ بەدواداچوونی ئەو بابەتە.

ب ئامادەبونا پارێزگەرێ دهوکێ روژا جیهانی یا دانعەمرا ل دهوکێ هاتە ساخکرن



خەبات دهوک: دوهی سپێدێ 2019/10/1 ب ئامادەبونا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ روژا جیهانی یا دانعەمرا ل دهوکێ هاتە ساخکرن، ل بەراهیێ پارێزگەرێ دهوکێ گەریانەک دناڤ مالا دانعەمرا دا کر و ژنێزیک سەحکرە رەوشا وان و ئەو خزمەتا بو دهێتە پێشکێشکرن، پاش ڕێ ورسمەک هاتە گێران وپەیڤ هاتنە خاندن بڤێ هەلکەفتێ پارێزگەرێ دهوکێ بیروزباهیا هەمی دانعەمرێن سنورێ پارێزگەهێ کر و گوت مە دجڤاکێ خودا ئەف مالێن دانعەمرا نەبوینە و بەلگە بو ڤێ چەندێ ئەف ڕێڤەبەرێ و مالێن تایبەت بو خودانکرنا دانعەمرا ل دهوکێ نەبون ئەڤەبخو کارەکێ گەلەک یێ باش بو و ئەو چەند دیار دکر کو هەر خێزانەکێ زاروکێن وان گرنگی دا دەیک و بابێن خو و بخودان و سەخبیر دکرن و گوت ئەم هەمی بێکڤە چ حکومەت یان جڤاک و ڕێکخراوێن تایبەت مەند و ئەڤرو ژی مامو ستایێن ئاینی رولەکێ مەزن ببینن کو ئەڤ دیارە بهێتە کێمکرن و ئەز دبێژم کارەکێ باش نینە هژمارا خەلکێ دانعەمرا ل جهێ ڤەحەواندنێ زیدە بێن ژبەر کو ئەف تشتە ل ڕەوشت و تیتالێن کوردایەتیێ دا نەبوینە، لێ ژیانا ئەڤرو و سەختیا وێ دبیت ئەو ڕەوشت کێمکر بن لێ دیسا حکومەتا هەرێمێ و کارگێریا پارێزگەهێ و چاڤدێریا کومەلایەتی ب ئەرکێ خو رابویە و دەست خوشیێ ل ڤی ستافی هەمیێ دکەم کو کارەکێ گەلەک بیروز و مەزن دکەن دیسان داخاز ژ سەرمایەدار و زەنگینێن سنورێ پارێزگەهێ کر کو دەستێ هاریکاریێ بو ڤی خەلکی دڕێژ کەن و ئەم وەکو حکومەت ژی دێ پشتەڤان و هاریکار بێن ل دیماهیێ خەلات ل سەر ڕونشتڤانێن مالا دانعەمرا هاتنە بەلافکرن، هەژی کوتنیێە ل دەستپێکا سالا 2019ێ مالا دانعەمرا هاتیە ڤەکرن و 17 کەس لێ هاتینە ئاکنجیکرن و هەمی خزمەتێن پێدڤی ژخارن و ڤەخارن و شیشتن و خزمەتێن ساخلەمیێ و جل و بەرگ بو دهێنە پێشکێشکرن.

ڕەوشی کرێکارانی ناوخۆیی و بیانی و بیمەی کار گفتوگۆی لەبارەوە کرا



بەمەبەستی تاووتوێکردنی ڕەوشی کرێکاران و کاراکردنی بیمەی کارو چۆنیەتیی هەمواری یاساکانی پەیوەست بەو تۆژە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و لە مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان بەسەرپەرشتیی ڕۆمێو هەکاری سەرۆکی لیژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنەو ڕاوێژکاری لیژنەکە لەگەڵ نوێنەرانی ناوەندی کرێکارانی حزبی شیوعیی کوردستان کۆبوونەوە.

ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان بڵاویشی کردووەتەوە کە لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ کرا لەسەر ڕەوشی کرێکارانی ناوخۆیی و بیانی و بیمەی کارو چۆنیەتیی هەمواری یاسای کار بەجۆرێک کە لەگەڵ سروشتی ئێستای هەرێمی کوردستان بگونجێت، لەگەڵ ڕێگریەکانی بەشێک لەکۆمپانیاکان لەلیژنەکانی چاودێری و بەدواداچوونی وەزارەتی کار.

هەروەها ڕایەگەیەنن، لەکۆبوونەوەکەدا کێشەو گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردنی یەکێتیی سەندیکاکانی کرێکاران لە هەرێمی کوردستان و بایەخدان بە کاری سەندیکایی لەپێناو کرێکاران کرا.

لەکۆتادا ڕایانگەیاندووە کە لیژنەکە بەڵێنی بەدواداچوونی سەرجەم داواکاری و کێشەو گرفتەکانیداو بەپێویستیشی زانی هەماهەنگی لەنێوان هەردوولا هەبێت بۆ باشترکردنی ڕەوشی کرێکاران.

خوێندنی باڵا: کرێی خوێندنی پارالێل لە زانکۆ حکومییەکان بەرێژەی 45% کەمکرایەوە

دوێنێ سێشەمە 2019/10/1 ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بڕیاریدا کەوا کرێی خوێندنی پارالێل لە زانکۆ حکومییەکان بەرێژەی 45% کەم بکرێتەوە. جگە لەمەش بڕیارێشدرا بە پێداچوونە بە کرێی خوێندنی ئێواران لە زانکۆ حکومییەکان و کرێی خوێندن لە زانکۆو پەیمانگا ئەهلی و تایبەتەکان بکرێت.هەر دوێنێش ئەنجومەنی وەزارەت گفتوگۆی لەبارەی ڕێنماییەکانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بۆ ساڵی 2019-2020 کرد.

سیستەمی خاوێنکردنەوەی ئاو دەگۆڕدرێت



بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆکانی هەرێمی کوردستان ڕایەگەیەنێت، هەرێمی کوردستان سیستەمێکی سەردەمیانەی خاوێنکردنەوەی ئاوی مالآن پەیڕەو دەکات، بەگوێرەی ئەو سیستەمەمش چیتر هەرێمی کوردستان پێویستی بە هاوردەی کەرستەی خاوێنکردنەوەی ئاو نابێت، کە تێچوویەکی زۆری خستبووە سەر حکوومەتی هەرێم.

ئەندازیار مەسعوود کارەش، بە مالپەڕی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "سیستەمی خاوێنکردنەوەی ئاوی خاوێنی مالآن لە کلۆرەوە دەگۆڕین بۆ خوێ، کە شێوازێکی سەردەمیانەیە و سەلامەتیی زیاتریشی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان دەبێت".

کارەش ڕاشیگەیاند: "تێچووی خاوێنکردنەوەی ئاوەکەش بەم شێوەیە بە ڕێژەیی 50% کەم دەبێتەوە بەراورد بە سیستەمە کۆنەکە". ناوبراو ئاماژەی بەوەش دا: "چیتر پێویستیمان بە هاوردەکردنی کلۆر نابێت، بەڵکوو خوێیەکە لە ناوخۆی کوردستان بەرهەم دەهێنرێت و ئەو ئامێرانەش کە خوێیەکە ئامادە دەکەن، بە هەمان شێوە لە بەردەستماندایە، هەروەها وەک سەرەتا پڕۆژەکە لە زاخۆ جێبەجێ دەکەین و دواتر لە سەرجەم پڕۆژەکانی دیکە دەیخەینە واری جێبەجێکردنەوە.

بە کۆژمەی 1 ملیار و 200 ملیۆن دینار باڵەخانەیەک بۆ ناحیەی کەلەکچی دروست دەکرێت

خەبات- ئالان شەهاب: هەڤاڵ ئاکرەیی بەڕێوەبەری ناحیەی کەلەکچی بە خەباتی ڕاگەیاند: دوای ئەوەی بریاری بە ناحیە بوونی کۆمەڵگای کەلەکچی لە ساڵی 2014 لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان درا لەبەرئەوەی ژمارەی دانیشتوانی کۆمەڵگەی کەلەکچی لە 48 هەزار کەس زیاتر بوو، سنورێکی فراوانی هەیە و چەندین گوند سەر بەم کۆمەڵگایە بوون، بۆیە کرا بەناحیە و چەندین فەرمانگای حکومی لەم ناحیە نوێیە کرایەوە وەک بنکەی شارستان و بنکەی پۆلیس و شارەوانی و بنکەی چاککردنەوەی کارەبا و فەرمانگای ئاو و بەشی ئاسایش. هەروەها گوتی: لە ساڵی2014 تاکو ئێستا ئێمە وەک ناحیە لە بینای کرێ داین، بە خۆشحاڵیەوە لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆژمەی 1 ملیار و 200 ملیۆن دینار تەرخانکرا بۆ دروستکردنی بینای ناحیەی کەلەکچی لە ماوەی هەفتەی داهاتوو دەست دەکرێت بە دروست کردنی بینا بۆ ناحیەی کەلەکچی.

ئەمساڵ زووتر وەرزی تەکاندنی گوێز دەستی پێکرد

بەرهەمی ئەمساڵی دارگوێزەکانی هەورامان جێگەی رەزامەندی خاوەن باخەکانە





ڕاپۆرت/عەلی بانیشاری

ماوەی دوو هەفتەیە وەرزی تەکاندنی گوێز لە ناوچەی هەورامان دەستی پێکردووە. بەوتەی خاوەن دارگوێزەکان تا 15ی ئەم مانگە تەکاندنی گوێز بەردەوام دەبێت. ئەوان دەڵێن" بەهۆی فێنکی کەش و هەوا و زۆری باران بارین ئەمساڵ زووتر وەزری تەکاندنی گوێز دەستی پێکرد".

وەکو خاوەن باخەکان باسی لێوە دەکەن بەشێک لە دارگوێزەکانی هەورامان ساڵانە 15-10هەزار گوێز دەگرن، بەشێکی دیکەشیان 30-25هەزار. بەپێی ئاماڕێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەڵەبجە نزیکەی 85هەزار دار گوێز لە هەورامان و هەڵەبجە هەن. گوێز چەندین سودی تەندروستی هەیە لەوانە یارمەتی بەهێزبوونی میشک دەدات. هەروەها پزیشکانی پێست دەڵێن" زەیتی گوێز بۆ جوانکاری پێست و مەساجی دەم و چاو بێ وێنەیە".

هەورامان بە گرنگترین ناوچەی بەرهەمهێنانی گوێز لە باشووری کوردستان هەژمار دەکرێت و زۆرترین چاوی کرپاران لەسەر گوێزی هەورامانە. فێنکی کەش و هەوای ئەو ناوچەیە هۆکاری سەرەکییە بۆ باشی بەرهەمی گوێز. ئەحمەد عومەر، باخدارێکی شارۆچکەی بیارەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجەیە، ئەو دەڵێ" سااڵنە و لە مانگی 10گوێز تەکاندن دەستی پێدەکرد، بەاڵم ئەمساڵ لەبەر ئەوەی بارانی باش باری و وەکو ساڵانی رابردوو گەرم نەبوو دوو هەفتە پێشتر دەستمان بە تەکاندنی گوێز کرد".

دەشڵێت" زۆری و باشی بەرهەمی ئەمساڵی گوێز هۆکارێکی سەرەکی هەیە. ئەو دەڵێت" ئەمساڵ نەخۆشی گوێز زۆر کەم بوو، چونکە رێژەیەکی باش باران باری، هەر ئەوەیش بووە هۆکار بوو بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەمساڵی دارگوێزەکان زۆر باش بێت و ئێمەی باخدار پێی دڵخۆش بین". گوتیشی" کەمتر لە یەک مانگی دیکە گوێز هەورامانە دەگاتە بازاڕ". ئەو پێیوایە گوێزی هەورامان هێشتا ناتوانێت خواستی بازاڕ پڕ بکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە بازرگانەکان گوێز لە هەورامانی دەبێت بۆ ئەوەی نرخەکەی لە پارسااڵ هەرزانتر بێت".

درێژی دارگوێز هەندێک جار دەگاتە 30مەتر و پانی گەاڵکانی 30-20سم دەبێت و لەبەر خۆڕاگرییەکەی لە چەندین بواری دارتاشیدا بەکاردێت، تەمەنی ئەو دارە هەندێک جار دەگاتە 200ساڵ. لە گوێزدا(پرۆتین، ڤیتامین، شەکر، چەوری، فسفۆر) هەیە، پێکهاتەکەی(76.30چەوری، 7.16 کاربۆهیدرات، 7.8ریشاڵ، 16.04 پرۆتین).

لە شێوەزاری هەورامیدا بە گوێز دەگوترێت "وەزی" و بە کاکاڵەکەشی دەڵێن "مەژگە" و بە توکڵە سەوزەکەشی دەڵێن "کەمکۆڵ"، ئەو کەسەی گوێز دەتەکێنێت هەورامییەکان پێی دەڵێن" شەنێر" یان "شەنییەر".

ئەحمەد عومەر، دانیشتووی شارۆچکەی تەوێڵەیە و نزیکەی 20دار گوێزەی هەیە. ئەو دەڵێت" ئەمساڵ نەخۆشی گوێز زۆر کەم بوو، چونکە رێژەیەکی باش باران باری، هەر ئەوەیش بووە هۆکار بوو بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەمساڵی دارگوێزەکان زۆر باش بێت و ئێمەی باخدار پێی دڵخۆش بین". گوتیشی" کەمتر لە یەک مانگی دیکە گوێز هەورامانە دەگاتە بازاڕ". ئەو پێیوایە گوێزی هەورامان هێشتا ناتوانێت خواستی بازاڕ پڕ بکاتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە بازرگانەکان گوێز لە هەورامانی تەخت و ولاتانی دیکەوە هاوردە دەکەن. ئەحمەد عومەر ئەوەشی گوت" ئێستا خەڵکی هەورامان کەمتر دارگوێز دەچێنن، ئەوەی هەیە هی دەیان ساڵ لەمەوبەرە، چونکە گوێز چەندین ساڵی دەوێت تا دەگاتە بەرهەم".

گوێز چەندین سوودی تەندروستی هەیە، لەوانەش: چارەسەری سەرئێشە دەکات، بۆ لەناوبردنی کرمی گەدە، بەهێزبوونی میشک، بۆ کەمخوێنی بەسوودە، چارەسەرە بۆ نەخۆشییەکانی شێرپەنجە و دڵ و شەکرە. سەرچاوە تەندروستییەکان ئاماژەیان بەچەند سوودێکی دیکەی گوێز کردووە، لەوانە: خواردنی بەردەوامی گوێز دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی رێژەی کۆڵسترۆڵی خوێن، زیادکردنی چاالکی خوێن، کەمکردنەوەی هەوکردن، چارەسەرێکی باشە بۆ نەخۆشی رەبۆ. بەوتەی پزیشکان تویکڵی گوێز بۆ ساریژبوونی برین و نەهێشتنی قڵیشانی پێست بەسوودە.

کاریگەریی فیلمە دۆبلاژکراوەکان لەسەر کۆمەڵگە

داوادەکرێت سانسۆر لەسەر فیلم و دراما دۆبلاژکراوەکان دابندرێت



ڕاپۆرت: پەریها عومەر

بێگومان فیلمە دۆبلاژکراوەکان کاریگەری زۆریان لەسەرکۆمەڵگای کوردی داناوەو بەپێی قسەی بەشێک لە تویژەرانی کۆمەاڵیەتی و ئەو ڕێکخراوانەی کار لەسەر بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە دەکەن، فیلم و دراما بیانییەکان بوونەتە هۆی کێشەو گرفتی زۆری خانەوادەیی، بەوپێیەی بەشێک لە گرتە و دیمەنەکانی ناو ئەو دراماییانە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی ناگونجێت، ئێمە لێرەوە جەند کەسێکمان دواندووە کە قسە لەسەر ئەو باسە دەکەن.

عیمران ئەمیر محەمەد وەک قوتابییەکی ڕاگەیاندن دەڵێت: بەهۆی زۆری ژمارەی فلیمە دۆبلاژکراوەکان هیچ کامێکمان ناتوانین بڵێین سەیری ناکەین، بەاڵم ئەوەی گرینگە سەیری کامە فیلم و بەرهەمی کامە وڵات و تەنانەت کەناڵیش دەکەین، بەهۆی نەبوونی فیلم و دراما تایبەت بە خۆمان واتا بەرهەمی خۆمالی، دراماکانی تورکی و فارسی و هیندی زۆرێک لە ئەوەی تۆزێک دابوونەریتمان لێک نزیکەو لە ئێرانەوە سانسۆری زۆرباش هەیە لەسەر کوالێتی دراما، هەر بۆیە دەتوانم بڵێم من بینەری شاشەکانی ئێمەیان داگیرکردووە، من وەک خۆم پێموایە نزیکترین درامای وڵاتەکان بۆ میللەتی ئێمە دراما ئێرانیەکانە، بەهۆی بەرهەمە فارسییەکانم و دراما فارسیەکان کاریگەری زۆر باشیان لەسەر کۆمەڵگا هەبووە.

ئەو گوتیشی: هیچ درامایەک سانسۆرێک هەبێت لەسەر ئەو دراماییانە، دەستخۆشیم بۆ وەزیری ئەوقاف هەیە بۆ ئەم ڕاسپاردەیەی لەبارەی سانسۆرکردنی دراما بیانییەکان وەزارەتی ڕۆشنبیری کردووە و بەو هیوایەم ئەم ڕاسپاردەیە ببێت بە بڕیار و جێبەجی بکرێت.

زیاد خەسرۆ میکائیل قوتابی بەشی ڕاگەیاندن دەڵێت: من زۆر سەیری فیلمی دوبلاژکراو دەکەم بەتایبەت ئەوانەی کە سوودیان لێوەردەگرم، بەاڵم بەداخەوە دەبینین کۆمەڵێک کەناڵ فیلمی وا دوبلاژدەکەنەوە کە بەتەواوی شیرازەی خێزان تێکبدات بە تایبەت ئەو فیلمانەی کە زۆر باسی خۆشەویستی و خیانەت دەکات.

زیاد خەسرۆ گوتیشی: کاریگەرییەکان یەکجار زۆرن، بەتایبەت لەسەر منداڵان بۆ نموونە ساڵانێک پێش ئێستا درامایەکی کۆری هەبوو کەلەاڵیەن کەناڵێکەوە پەخش دەکرا بەدوبلاژکراوی کوردی، کە زۆربەی دیمەنەکانی ئەم فیلمە دوبلاژکراوە شەڕ و تیرهاویشتن و کوشتن بوو، لێرەدا بەشێکی زۆری منداڵان لای خۆیانەوە هەڵسان بەدروستکردنی تیروکەوان بۆ شەڕکردن لەگەڵ یەکتر تا گەیشتە و ئەو ئاستەی کە منداڵێک بەهۆی ئەوەی تیرێکی بەرچاوی کەوت چاوێکی لەدەست بدات، بەڕاستی کاریگەرییەکان یەکجار زۆرن.

ئەو دەشڵێت: پێمباشە چاودێری بخرێتە سەر هەموو ئەو فیلمانەی کە دوبلاژدەکرێن بۆ ئەوەی چیتر کاریگەری خراپی نەبێت بەسەر کۆمەڵگەکەماندا، چونکە بەڕاستی ئەم فیلمانە دەبنە هۆی کێشەیەکی زۆر گەورە بۆ نیو خێزان، پیاوێک تووندوتیژی (لێدان) بەکاردەهێنێت بەرانبەر هاوسەرەکەی، لەبەر ئەوەی کە هاوسەرەکەی پێیوتووە ئەکتەری ئەم درامایە لەتۆ جوانترە و ئەو ئەکتەرەم لەتۆ زیاتر خۆشدەوێ ئەم درامایەش درامایەکی هیندی دۆبلاژکراوی کوردی بوو، بۆیە بەراستی پێویستە چاودێریسەکی چڕ بخرێتە سەر هەموو ئەو فیلم و درامایانەی کە دۆبلاژدەکرێنەوە.

عومەر عەبدوڵا ئەحمەد قوتابی بەشی ڕاگەیاندن لەم بارەیەوە دەڵێت: بەشێوەیەکی مامناوەند سەیری فلیمە دۆبلاژکراوەکان دەکەم، واتا ڕۆژانە لە نێوان کاتژمێرێک تاکو سێ کاتژمێر، کاریگەری فیلمە دۆبلاژکراوەکان لەسەر کۆمەڵگە، بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو دەبیندرێت، تەنانەت لەژیانی ڕۆژانەش هەستی پێدەکرێ و هەندێک لەم فیلمانە کاریگەری سلبی هەیە لەسەر دابونەریت و کلتوری کۆمەڵگا، دەتوانم بڵێم شیرازەی نیو مالی هەندێک خێزانی تێکداوە.

ئەو گوتیشی: دەبی□ هەموو بەرهەمە پەخشکراوەکان چاودێری هەبێ و بەبێ فلتەر و سانسۆر پەخش نەکرێت، بەتایبەتی فیلمە دوبلاژکراوەکان چونکە ئەو فیلم و دراماییانە لەرووی ژینگەو دابونەریت و کلتورەوە جیاوازی هەیەو کاریگەری باش نابێت لەسەر کۆمەڵگای کوردی .



عیمران ئەمیر محەمەد



عومەر عەبدوڵا ئەحمەد



زیاد خەسرۆ میکائیل



ئایا پێویستە هەموو هاوسەران پشکنینی جێنێتیک ئەنجام بدەن؟

ئا/ ژیلا کەریمی

ئامارەکانی هەر وڵاتێک لە نەخۆشخانە جیاوازەکان پیشانی دەدەن کە لەگەڵ لەدلیکبوونی منداڵانی تەندروست چەند منداڵێکی کەم ئەندام و پەککەوتەش لەدایک دەبن کە بێشک ژیانی خۆیان و خێزانیان پڕ دەکەن لە کێشە و ئالۆزی.

ئەوەی گرنگە پزیشکان لەوە باوەڕدان کە 40%ی کەمئەندامییەکان لە هۆکارە جێنێتیکییەکان سەرهەڵدەدەن و لای هەمووان ناشکرایە کە یەکێک لە ڕێگەکانی سەرهەڵدانی کێشەی جێنێتیک، هاوسەرگیری لە نێوان خزماندایە و لە حاڵێکدا لە وڵاتی کلتوری وەک ئێمە ئەمجۆرە هاوسەرگیرییە زۆر پەسەندە. هەر بۆیە دەبێت بە جیدی بیر لەوە بکرێتەوە کە بەر لە هاوسەرگیری پشکنینی جێنی بۆ هاوسەران وەک پێشمەرجی هاوسەرگیری لە دابنرێت. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە 50%ی هۆکاری نەبیستن، نەدیتن و پەککەوتەیی لە مێشک و بیرکۆڵی، جێنێتیکن کە ژمارەیەکی زۆری ئاماری پەککەوتەیی منداڵان بە خۆیان تەرخان دەکەن.

ئایا جینەکانی ئێوە کێشەیان هەیە؟ بەشێوەیەکی گشتی هەر تاکێک 2تا 3لەسەدی مەترسی هەبوونی منداڵی کەمئەندامی هەیە، بەڵام لەو تاقیکردنەوەیە کە مەبەستی ئێمەیە بە شوێن کەسانێکدا دەگەڕێن کە ئەو ئەگەرە تیاندا بەهێزترە.

وەک هاوسەرگیری لە نێوان خزمان یان ئەو کەسانەی خوشک یان برای کەمئەندامیان لە مناڵەوە هەیە، کە مەترسی لەوانەدا زیاترە.

گرنگی ڕاوێژکاری جێنێتیک بەر لە هاوسەرگیری ئەوەیە کە ئەو نەخۆشییە شاراوانە دەسنیشان دەکات و بە ڕێنوێنی دروست و لە کاتی خۆیدا ئەگەری کەمئەندامی پێشینەی هەبوونی نەخۆشی جێنێتیک لە ئەندامانی خێزانی هەر یەک لە هاوسەران دەتوانێت پڕکێشە بێت.

هەڵبەت جۆری پشکنین و تاقیکردنەوەکانی جێنێتیک پەیوەستە بەو جۆرە نەخۆشییەی کە لە خێزاندا هەیە و بۆ کەسەکان جیاوازە.

دەسنیشانکردنی کێشەی جێنێتیک: زۆر لە نەخۆشییەکان لە ڕێگەی تاقیکردنەوە دەسنیشان دەکرێت وەک شێواوی لە کرۆمۆزۆمەکان، تەلاسمیا و هەندێ نەخۆشییەکانی نوروماسکۆلار وەک شێواوی لە دەمارە عەسەبییە و ماسولکەییەکان.

دەکەین کە پێویستە بەیەکەوە بن.

هەوڵە یەکلایەنەکان: ئێوە کارەکەن، بەرپرسیارێتی بابەتەکانی مناڵەوە لە ئەستۆ دەگرن، ئاگەداری منداڵانن، بەڵام لایەنێتر وەک هاوماڵێک و وەک سێبەر بوونی هەیە. بەرپرسیارێتی هیچ شتێک لە ئەستۆناگرێت و تەنیا ئێوەن. ئەو پەیوەندییە هاوبەش نییە. ئێوە تەنیا قورسایی ئەو ژیانەن و نەبوونی ئێوە زۆر جێی دیارە چونکە گەر ئامادە نەبن هیچ کار و شتێک لەسەر ڕەوتی خۆی نییە. ئێمە نالێین کە نابێت ئێوە کەسێکی کاریگەر لە ژیانی خۆتاندا نەبن بەڵکو وەبیرتان دەهێنینەوە کە تەنیا ئێوە لەو ژیانە بەرپرسیار نین. هەر یەک لەو بابەتانە دەتوانێت زەنگێکی ئاگەدارکردنەوەی مەترسیدار بن بۆ ئەو پەیوەندییە و ئێوە دەبێت بیر لە گۆڕانکاری و چارەسەر بکەنەوە، بە گشتی پێویستە ژیانتان لەسەر ئموونەیەکی تەندروستی هاوبەشانە بەردەوام بێت.

یەکەم ئافرەت کە پێ بنێتە سەر مانگ

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

"ژانت ئاپس" یەکێک لەو 13ئاسمان پێوەی ئاژانسی ناسایە و ئەگەری ئەوەی هەیە کە ببێتە یەکەم ئافرەت کە بچێتە مانگ. لە ئێستادا ناسا وەک بەشێک لە پلانە نوێیەکانی ئەو ئاژانسە لە ئامادەکاری بەرنامەیەکی نوێیە بە ناوی ئارتمیس کە بڕیارە لە ئەنجامیدا یەکەم ئافرەتی جیهان تا ساڵی 2024بچێتە سەر مانگ.

"ئاپس" وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بەوەیکە لە لیستی ئەو ئافرەتە گەردوون ناسانە لە ئارتمیسدایە دەڵێت: هیوادارە کە ئەو کارە ڕاسپێدراوەی بۆ نەوەی نوێی ئەندازیاران و زانایانی ئافرەت ببێتە ئیلهام و هۆی هەوڵدانی زیاتریان.



ئەو خاتوونە وەک یەکێک لە 14نوێنەری ئەو کەسانەن کە بۆ سەفەری ئاسمانی لە نێوان نزیکەی 3500داواکار بۆ بیستەمین گرووپی گەردوون ناسی ناسا هەڵبژێردراوە لە ساڵی 2009، کە لە 29/ 1/2009گەیشتە قۆناغی کۆتایی.

منداڵێک دوو مانگ پاش مردنی دایکی دێتە دونیاوە

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

ملمانێ لەگەڵ مردن چیرۆکی زۆر سەیر و سەمەرەی تا ئێستا خولقاندووە و منداڵانیش لە کارەکتەری ئەو چیرۆکانە بەدەرنین. چیرۆکی ئەو منداڵانەی پاش مردنی دایکیان ملمانی ژیانیان کردووە تا ئێستا چەند جارێک دووبارە بووەتەوە و ئەمجارەش چیرۆکی ئەو منداڵە دنیای هەژاند.

لە ڕووداوێکی باوەڕپێنەکراودا کۆرپەیەک دوو مانگ پاش مردنی دایکی دێتە دونیاوە. کێشی ئەو منداڵە پاش لەدایکبوون دوو کیلۆ بووە.



ئێستاکە ئەو منداڵە لەگەڵ باوکی دەژیت و کێشی بووەتە سێ کیلۆ و زۆر تەندروستە.

لە ڕووداوێکی کەم وێنەدا لە ئەڵمانیا پزیشکان توانیان منداڵێک 55ڕۆژ پاش مردنی دایکی بهێننە دونیاوە. ئەو ئافرەتە 41 ساڵانە تووشی شێرپەنجە هاتووە و لە 17هەمین هەوتووی سکپڕی تووشی مردنی مێشک دەبێت، بەڵام دڵی هێشتا زیندوو بووە و پزیشکان توانیان گیانی ئەو منداڵە رزگار بکەن. ئەم پزیشکانە بە کەلکوەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای نوێ توانیان ئەرکی ئەندامانی لە جەستەدا بە زیندوویی رابگرن و پاش 55ڕۆژ و بە نەشتەرگەری ئەم کۆرپە بهێننە دونیاوە.

ئەگەر ژیانی هاوبەشتان تووشی دووبارەبوونەوە هاتووە بیخوێنەوە

ئا/ نەرمین بازید

گەر ژیانتان پاش ساڵانێک لە ئەوینی سەرەتایی خۆی دووربۆتەوە و وەک بەرپرسایەتییەکی سۆزداری و ئاگەداربوون لە یەکتری لێهاتووە و ئەو چێژ و هەیەجانی سەرەتایی نییە و گەر ئێوە ئەو کەسەن کە هەستتان بەو هاوماڵییە کردووە لەو تێدەگەن کە پەیوەندییەکەتان شتێکی کەمە و بێشک هەست بە یەکێک لەو نیشانانە دەکەن.



کۆتاجار کە بەیەکەوە قسەتان کرد کەی بووە؟ هەڵبەت هەموو ڕۆژێک قسەگەلێک هەن بۆ باسکردن وەک بەیانی باش، چۆنی، ئاگەداری خۆت بە و...تد، بەڵام هیچ کام لەوانە قسەکردنی ڕاستەقینە هەژمار ناکرێت کە هەست و سۆزی تیا بێت. کەی و چ کاتێکتان وەبیرێتەوە کە بەیەکەوە لەسەر بابەتێکی هاوبەش کە هەردووکتان حەزتان لێی بووە قسەتان کردووە؟ ئێمە باس لەو قسانە دەکەین کە هەر دوو لایەن بێ ئازاردان و پڕ بە هەست بەیەکەوە ئەنجامی دەدەن.

ژیانێک وەک دوو دراوسێ: سەرنج بدەن بزانن ئێوە لە کوێیە؟ ئایا لە ژووری کاری خۆی سەرقاڵی کارە و ئێوەش خۆتان بە هەندێک شتەوە سەرقاڵ کردووە؟ ئایا ئێوە لە تاریکی شەودا بەرامبەر تەلەفیزیۆن دانیشتوون لە حاڵێکدا هاوسەرتان دەمێکە نوستووە؟ شیکردنەوەی ئێوە بۆ ئەو بابەتانە چین؟ ئایا دڵنەوایی خۆتان دەدەن کە ئەو ماندووە و پێویستە بەحەسێتەوە یان پێویستە ئێوەش ماوەیەک بە تەنیا بن تا پەرتووک بخوێننەوە؟ ئێمە باس لە سنووری تایبەت ناکەین ئێمە باس لەو کاتە هاوبەشە

هەنگوینی شاهانە چارەسەرێکی سروشتی بۆ ئەو ئافرەتانەی دەکەونە تەمەنی نائومێدییەوە

ئا/ لەیلا سلێمان


هەڵکشانی تەمەن لە ئافرەتاندا و وەستانەوە لە سوڕی مانگانە کە بە تەمەنی نائومێدی ناسراوە کۆمەڵێک کێشە تەندروستی لە ڕووی جەستە و ڕۆحەوە بۆ ئافرەتان هەیە و پزیشکانی سەرانسەری جیهان هەر یەکەو بە ڕێگەیەک هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییانە دەدەن.

ئەوتا ئەمجارە لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان دەربانخستووە کە بە ڕێگەی سروشتی بەکارهێنانی هەنگوینی شاهانە یان هەمان خواردنی شاژن دەکرێت ڕووبەڕووی ببیەوە. پزیشکان تێگەیشتن کە بەکارهێنانی ڕۆژانەی هەنگوینی شاهانە (royal jelly) بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەرمانە ڕواڵەتیانە کە بۆ چوونە سەرووی پلەی گەرمی لەش کە لە کاردانەوەکانی وەستانی سووڕی مانگانەیە و ئافرەتان زۆر بەدەستییەوە دەنالێنن، باشترە و ئەو ئافرەتانەی ئەزموونی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغەیان هەیە دانیان بەوەداناوە کە کاریگەرییەکەی چارهێنەدیە. هەنگوینی شاهانە پاش هەنگوین گرنگترین بەرهەمی هەنگە کە هەنگە کرێکارەکان لە تەمەنی 3تا 12ڕۆژی خۆیان لە ڕێگەی مێشکیانەوە دەرێددەن. ئەو مادە دەوڵەمەندە خۆراکییە، شیری هەنگ، جەلی شاهانە، خواردنی شاژن و جادوگەری گەنج مانەوە وتراوە و بە دڵنیاییەوە زیاتر لە 90% نەخۆشییەکان بە خواردنی چارەسەر دەکرێن. ئەو پزیشکانە ڕایانگەیاندووە کە ئەو دەرمانە جێگرەوەیەکی باشی هۆرمۆنی HRTیە کە بۆ ئافرەتانی ئەو تەمەنە بەکاردێت.

100کەس لە ئافرەتانی بەشداربووی ئەو لێکۆڵینەوەیە بۆ ماوەی دوو مانگ هەر ڕۆژەوە بە ڕادەی هەزار میل و 100کەسی دیکە چارەسەری کیمیاییان بەکارهێناوە. هەموو ئەو ئافرەتان لە نێوان 45بۆ 60ساڵان بوون کە کێشەگەلێکیان وەک چوون سەرووی پلەی گەرمی و کێشەی میزەڵدان و 11 کیشەی دیکە خستبووە بەر لێکۆڵینەوە و لە سفر تا 44 دەرجەیان دیاریدەکرد. لە کۆتایی ئەو خولە ئەو ئافرەتانی ئەو هەنگوینە سپییەیان بەکارهێنابوو تا 19 لەسەد و ئەوانەی چارەسەری کیمیایی تەنیا 3لەسەدی کێشەکانیان چارەبوو. پاش لێکۆڵینەوەی زیاتر دەرکەوت کە هەنگوینی شاهانە هۆکاری دەردانی هۆرمۆنی تستۆسترۆن لە جەستە دەبێت کە دەبێتە هۆی ئەوەیکە جەستە هۆرمۆنێکی زیاتری سترۆژن و کەمکردنەوەی نازار. بێشک خاڵە دەرمانییەکانی ئەو مادەیە سەلێنراوە و هیچ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی نییە و سەرەڕای ئەوەش پزیشکان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زیاترن.



ئەو خوازبێنییەی بە مەرگ کۆتایی هات



چیرۆکی زۆر سەرنجڕاکێشی خوازبێنی لە سەرانسەری جیهاندا ڕووەدەدن و ئەویندارانێ بەیەکتر دەگەن، بەڵام ئەمجارە کورێکی گەنجی ئەمریکی خەڵکی ویلایەتی لویزیانای کە کاتی پێشکەشکردنی داوای هاوسەرگیری بە شێوەیەکی هەڵە، کۆتایی بە ژیانی دێت.

ستیڤن وێبێەر لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەچێتە ولاتی تانزانیا لەوێ ژوورێکی تایبەت لە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرە دەگرێت کە پەنجەرەکەی حەوزێکی ماسیییە و ستیڤن بۆ ئەوەی سەرنجی خۆشەویستەکەی ڕابکێشێت و داواکردنی هاوسەرگیرییەکەی شتێکی جیاواز و سەرنجڕاکێش بێت دەچێتە حەوزەکەوە و دێتە بەردەم پەنجەرەکەی ژووری خۆیان لەوێ بە نووسینێک لە دەستی هەستی بۆ کچە هاوڕێیەکەی دەردەبڕێت و ئالقەی هاوسەرگیری پێشکەش دەکات. بەڵام بەداخەوە بە هۆی زۆری مانەوە لە ژێر ئاو و نەگەیشتنی ئۆکسیجن بە مێشکی پاش هاتنە سەرەوە گیانی لەدەستدەدات. کچە خۆشەویستەکەی لە فەیسبوک بە سۆزەوە وەڵامی دەداتەوە کە: "تۆ بۆ هەر کەسێک کە ناسیوتی ڕووناکی و شەوق بووی گەرچی لەو قۆناییە نەهاتی دەرەوە و وەڵامی منت نەبیست من دەڵێم بەڵێ، بەڵێ، یەک میلیۆن جار بەڵێ بۆ پێشنیاری هاوسەرگیرییەکەت".



پڕۆسەی ئاشتی لە تورکیا



بەدرخان زاویتەیی

شاندێکی پارتی دیموکراتی(HDP) بە سەرۆکایەتی سزای تملی لە 8/9/ 2019، سەردانی کوردستانیان کرد و چاوپان بە مسعود بارزانی کەوت. دواتر لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەو تەوەری گفتوگۆیەکان قسەکردن بوو لەبارەی چۆنیەتی زیندووکردنەوەی ئاشتی لە تورکیا دا، کە لە تەمووزی 2015دەوە پەکی کەوتووە پاش ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان شرگینیان تیرۆر کرد و لە ئەنجامدا حکوومەتی تورکیا بڕیاری کۆتایی هاتنی ئاشتی دا و ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی فراوان لە کوردستانی تورکیای دەست پێ کرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گرفت و قەیرانگەلێک لە ناوچە کوردییەکان رووبدات. لەلای خۆیەوە سەرۆک مسعود بارزانی و سەرۆکی هەرێم و جەختیان لەوە کردەوە، کە هەموو هەوڵێک و توانایەک بخەنەگەڕ بۆ زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی.

ئایا پارتی میللی دیموکراتی دەبێتە ئەلتەرناتیڤی پارتی کرێکارانی کوردستان لە پرۆسەی ئاشتیدا؟

ئەم پارتە لە 15. 10. 2012دامەزراوە و یەکەمین کۆنگرەی لە 27. 10. 2013بەستووە، کە لەو کاتەدا حکوومەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان لە دانووستاندنی ئاشتی بوون و ئەو حزبە نوێیە داخیلی هەڵبژاردنەکانی تورکیا بوو، کە لە 2015دا هاتەکرن. ئەم حزبە بەربەستی 10%ی شکاند و نزیکەی 81 کورسی بەدەست هێنا، واتە بە ڕێژەی 13%، بەو پێیەی هیچ حزبێک ڕێژەی پێویستی بەدەست نەهێنا تا بتوانێت حکوومەت پێکبێنێت حزبی داد و گەشەپێدان هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی و ئەو کاتە سەرۆک مسعود بارزانی شاندێکی ڕەوانەی تورکیا کرد بەسەرۆکایەتی فازیل میرانی بۆ قسەکردن لەگەڵ پارتی میللی دیموکراتی بۆ چوونە ناو حکوومەت، بەڵام پارتی کرێکاران گوێی بەو هەوڵانە نەدا و بەوەندەش نەوەستا ـ بەڵکو شرگرین و دوو تورکی دیکەی کوشت و بەرپرسیارییەتی خۆی لێ خستەڕوو و ئەو کاتە حکوومەتی تورکیا کۆتایی بە پرۆسەی ئاشتەوایی هێنا، کە ببووە قانوون بەپێی بڕیاری 2557لە تەمووزی سالّی 2014و بەم جۆرە ڕێکەوتی 1. 11. 2015ی دیاری کرد بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردنەکان و لەلایەکی تر حکوومەتی تورکیا دەستی بە ئۆپەراسیۆنێکی فراوانی سەربازی کرد لە ناوچە کوردنشینەکان و ناوچەگەلێکی کوردەکانی کردە ناوچەی قەدەغەکراو. دواتر بێبەشی کردن لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، کە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر پارتی میللی دیموکراتی و لە ئاکامدا نزیکەی 19 کورسی زیان لێ کەوت لە پەرلەمان هەرچەندە 10% شی تێپەڕاند.

پاش ئەو هەموو قەیرانە سیاسیی و ئابوورییە خراپە و ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەردەوامەی لە تورکیا لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد، ئێستا حکوومەتی تورکیا پێویستی بە زندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتییە، بەڵام بە میکانیزمی جیاواز و لەگەڵ لایەنە جیاجیاکاندا. بۆیە ئەگەرێکی زۆر هەیە لایەنی سەرەکی زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی پارتی میللی دیموکراتی بێت.

ڕۆڵی هەرێم لە پرۆسەی ئاشتەواییدا

بێگومان هەرێم ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە دەستپێکردنی دانوستاندن و پرۆسەی ئاشتی تورکیا، کە لە نێوان حکوومەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان پەراوێزخستنی ڕۆڵیدا لە کوردستانی تورکیا و زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی وا سانا نابێت و هەڵکەوتی ئێستا تەواو جیاوازە بەتایبەتی پاش ئەوەی پارتی کرێکاران تەبەنی چەندین ئۆپەراسیۆنی تیرۆرکاری کردووە لە تورکیا و تیرۆرکردنی جێگری قونسوڵی تورکیا لە هەولێر لە 17. 19. 2019، بەڵام دەستپێشخەری پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا پارتی کرێکاران دەخاتە ناو هەڵوێستێکی شەرمەزارکەرانەوە، ئەگەر لە دژی پرۆسەکە بوەستێت جەماوەرەکەی، کە لە کوردستانی تورکیایە زۆر لاواز دەبێت، ئەمەش لەو کاتەدایە، کە لە خۆیدا لاواز بووە پاش ئەوەی بۆ خۆی هۆکارێک بوو بۆ کۆتایی هێنان بە پرۆسەی ئاشتی لە 2015دا. ئەگەر پاڵپشتی کرد و چەکی فرێدا، ئەم ئاراستەیەش بە جۆرێک لە جۆرەکان بەدوور دەزانرێت لەژێر سایەی ئەو ئاراستانەی هەیە لە ناو ئەو حیزبەو هەڵبژاردنەکان، کە کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر پارتی میللی دیموکراتی و لە ئاکامدا نزیکەی 19 کورسی زیان لێ کەوت لە پەرلەمان هەرچەندە 10% شی تێپەڕاند.

پاش ئەو هەموو قەیرانە سیاسیی و ئابوورییە خراپە و ئۆپەراسیۆنە سەربازییە بەردەوامەی لە تورکیا لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد، ئێستا حکوومەتی تورکیا پێویستی بە زندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتییە، بەڵام بە میکانیزمی جیاواز و لەگەڵ لایەنە جیاجیاکاندا. بۆیە ئەگەرێکی زۆر هەیە لایەنی سەرەکی زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی پارتی میللی دیموکراتی بێت.

ڕۆڵی هەرێم لە پرۆسەی ئاشتەواییدا

بێگومان هەرێم ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو لە دەستپێکردنی دانوستاندن و پرۆسەی ئاشتی تورکیا، کە لە نێوان حکوومەتی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی 2013 بەشێوەیەکی فەرمی ڕوویدا. جێی ئاماژەیە پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ تورکیا باشە لەسەر زۆر ئاستی جیاجیا و ئەو پەیوەندییانە پەردیان سەندووە و کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەیە لەسەر هەر دوو لا. بۆیە نێچیرڤان بارزانی، لەو کاتەوە، کە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پتەوکردن و بەرەو پێشچوونی پەیوەندی نێوان حکوومەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەگەڵ تورکیا. ئەوە بۆیە لە داهاتووشدا ڕۆڵێکی دیاری دەبێت لە زیندووکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و بەم جۆرە کاریگەرییەکی ئەرێنی دەبێت لەسەر هەموو لایەنەکان.

چارەنووسی پارتی کرێکاران و چەکەکەی دەستی

گومانی تێدا نییە پارتی کرێکارنی کوردستان دەستەوەستان نابێت لە ئەجیندایەکانی لە پشتیەوەن، بەڵام وا دابنێین پاڵپشتی پرۆسەکەی کرد و زیندووی کردەوە ئەو کاتە هەڵوێستی کورد لە تورکیا زۆر بەهێز دەبێت و دەبێتە ژمارەیەکی قورس لە هەڵبژاردنی دادێ، ئەگەری ئەوەش هەیە چەکەکەی ڕادەستی لایەنە پەیوەندنداردکان بکات جا چ لە هەرێم یان لە شنگاڵ یان یەپەگە، کە لە کوردستانی سوریایە لەژێر فشاری نێودەوڵەتی سەر لە نوێ داخیلی پرۆسەی ئاشتەوایی دەبێتەوە. بەڵام گەورەترین ئەگەر ئەوەیە کە لە ناو خودی پارتی کرێکاران دابەشبوون ڕوودەدات و تا ئەوپەڕی پێکدادان و لەناوبردانی یەکتر دەڕوات. ئەمە وا دەکات ئەو پارتە و لەیەنە پەیوەندارەکان لاواز بن و لە کۆتاییدا ببێتە هۆی کۆتایی هاتنی ئەو ئایدیۆلۆژیایە، کە نە خزمەت بە کێشەی کورد دەکات و نە خزمەت بە بەرژەوەندی دەوڵەتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی لە ناوچەکە دا دەکات.

لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی

ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا و سەرنجێک



ڕێبین ڕەحیم

مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی ئێمە لەگەڵ عێراق بەزۆر ویستگە و قۆناغدا تێپەڕیوە و هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆیەوە دیوە و هەموو جارەکانیش زیانمەندی ڕاستەقینەی دۆخ و پێشهاتەکان خەڵکی کوردستان بووە و سەرەنجامیش هەموو عێراق سوتوی ئەو هەموو پێکدادانە بوون بەڵام تاهەنووکە هەمان یاری و مومارەسەلە و کات کوشتن و دواخستن و پاشقول لێدان بەردەوامی هەیە و پێویستە بەگومان بین.

دوای خیانەتی(16ی ئۆکتۆبەر) و پێشێلکارییەکانی عێراق بەرامبەر خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو خۆیان نمایشکردەوە و هەمووان عەقڵییەتی قڕکردن و جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستانمان بینی لەلایەن بەغداەوە، بۆیە هەقی خۆمانە لەهەموو هەنگاوێکیان بەگومان بین و بەحەزەرەوە هەنگاوەکانمان هەڵگرین.

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو و هەوڵەکانی ڕاستکردنەوەی ئەو دۆخە نەخوازراوەی ڕووی لەهەرێمی کوردستان کردبوو سەرەتای گەڕێکی دیکەی ئاسایی‌کردنەوەی پەیوەندییەکانی(هەولێر-بەغدا)بوو کە زۆرێک لە ولاتانی جیهانی داخوازییان لەکوردستان ئەوەبوو پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا ئاسایی بکاتەوە و بگەن بە ڕێککەوتن و لێکگەشتن، بەرەنجامی هەموو ئەمانە ئێستا پەیوەندییەکان لەقۆناغێکی باشتردان لەچاوپێشووتر.

کابینەی نوێ و ئەو پەیوەندییە نوێیەی کە سەرۆک بارزانی بناغەکەی بۆدانا و عادل عەبدولمەهدیش لێکتێگەیشتنی باشی بۆی هەیە، سەرەتای کردنەوەی پەڕەیەکی نوێی پەیوەندییەکان و چارەسەری کێشە وگرفتەکانی نێوان بەغدا و هەولێرە بەجۆرێک چارەسەری ڕیشەییان بۆبدۆزرێتەوە لەبەر ڕۆشنایی بەندەکانی دەستوری عێراق و ئەو یاسایانەی کە بۆ ئەم مەبەستە لەئایندە دەردەکرێن.

ڕۆژانە شاندەکانی هەولێر و بەغدا لەسەر ئاستی جیاواز سەردانی یەکتری دەکەن و کۆبوونەوەکان بەردەوامی هەیە تا بتوانرێت تێکڕای کێشە هەنووکەیی ودوور مەوداکانیش چارەسەر بکرێن، ئەم دۆخە نوێیە پێویستی بە چاودێری ورد و بەدیقەت هەیە، تابتوانین زۆرترین سوود بە گەلەکەمان بگەیەنین و سەربەرزانە لێی بێینە دەرەوە و جارێکی دیکە فرت و فێڵی یاسایی گیرۆدەی دۆخێکی دیکەمان نەکاتەوە.



وێنە و کۆمێنت

بوریس جونسون سەرۆک وەزیرانی بریتانیا لە یاریگایەکی منداڵاندا. بەڵام دەرچوونی بریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا (بریکزێت)، یاری منداڵان نییە!.



بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

دوابەدوای کەرکووک... نەینەواش دۆخی ناڕەباری خۆی ڕاگەیاند

مایەی خۆشحاڵی خەڵکی کوردستان بوو کە لەم هەفتەیەدا 14لایەنی سیاسی کورد لە کەرکووک هاوڕابوون و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە پێویستە و دەبێ بەیەک لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکەن، بۆئەوەی بتوانن رکابەری لایەنە تورکمان و عەرەبەکانی کەرکووک بکەن لەوەدەست هێنانی زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و بەدەست هێنانی پۆستی پارێزگای کەرکووک لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە بڕیارە لە نیسانی 2020ئەنجام بدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان لە مانگی ئابی ڕابردوو، لەلایەن دادگای فیدراڵی تانەی داوە لە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق بەکەرکووکیشەوە، ئەگەر بارودۆخی عەسکەرتاریەتی کەرکووک چارەسەر نەکرێت و میکانزمێکی داڕپەروەرانە بۆ بەشداری کردنی ئاوارەکانی کەرکووک دانەنرێ. لەبەر ئەوەی زۆرێک لە ئاوارەکانی کوردی کەرکووک کە پاش داگیرکردنی کەرکووک لە 2017ئاوارەی هەولێر و دهۆک و سلێمانی بوونە و لەبەر بارودۆخی عەسکەرتاری کەرکووک نەگەڕاونەتە زێدی خۆیان و تاکو ئێستا کارتی بایۆمەتریبیان بۆ فەراهەم نەکراوە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوان (ئاوارەکان) لەژیانی خۆیان دڵنیانین کە بگڕێنەوە زێدی خۆیان لە کەرکووک، واتا بەم شێوەیە ئەوان (ئاوارەکان) ناتوانن بەشداربن لە هەڵبژاردنەکانی نیسانی 2020بکەن. ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە کەرکووک. هەروەها دۆخی عەسکەرتاری لەکەرکووک ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ساختەکردن لە پرۆسەی دەنگدان و دەرەنجامەکانی هەڵبژاردن، هەروەک لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە ئایاری ساڵی 2018لە شارەکانی عێراق ڕوویدا و کار گەیشتە ئەوەی کە کۆڵگای سندووقەکانی دەنگان بسوتێنرێ.

ڕۆژی دووشەمە 30ی9ی 2019لە لێدوانێکیدا بۆ مالپەڕی (ئەل عەرەبی ئەل جەدید) سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا نوردین قەبلان رایگەیاند: "پارێزگای نەینەوا ئامادە نییە بۆ هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی عێراق". لە درێژەی لێدوانەکەیدا قەبلانی گوتی: "زۆرێک لە خەڵکی ئاوارەی نەینەوا لە دەرەوەی وڵاتن، زیاتریان تاکو ئێستا لە نێو چاردەرکانی ئاوارەییدان لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق و نەگەڕاونەتە سەر زێدی خۆیان، هەروەها چەندین دەڤەری وەکو شنگاڵ تاکو ئێستا لەدەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق دان، هەموو ئەمانە دەبنە ئەگەری ئەوەی کە چەند لایەنێکی سیاسی دیاریکراو ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ ساختەکردن لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن. بۆیە لە پارێزگای نەینەوا و چەندی ناوچە و دەڤەری دیکە، مەترسی ئەوەهەیە کە هەڵبژاردنەکانی ئایندە پاک و پاراو نەبێت، بەتایبەت بە بوونی میلیشیای چەکدار کە مەلەفی ئەمنییان لە پارێزگاکەدا کۆنترۆڵ کردووە". هەروەها جوزێف سلێوا سەرۆکی فراکسیۆنی (ئەل وەرکا ئەل دیموکراتی) ئەویش بە مالپەڕی (ئەل عەرەبی ئەل جەدید) ڕاگەیاند: "ترسێکی زۆر هەیە کە ساختەکاری و گۆڕانکاری لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان بکرێ، ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە".

کەواتە دەتوانین بەشێنەیی بڵێین.. ئەمڕۆ هەر کورد نییە نیگەرانە لە دۆخی عەسکەرتاریەت و گۆڕینی دیموگرافی و جیوسیاسی و تایفەگەری ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی ئیدارەی کوردستان و ڕۆژاو و ناوەراستی عێراق. بەڵکو سوونە مەزهەبەکان و کرستیانەکانی عێراقیش نیگەران و ئامادە نین بۆ هەڵبژاردنێک لە ژێر چەک و چەتری عەسکەرتاریەت و لوولەی تفنگەکانی میلیشیاکان. بۆیە پێویستە کورد لەم ماوەیە کورتەدا هەرزوو بخزێتە نێو دەلاقە و پەیوەندی و لوبی سیایی ئەو لایەنانەی کە نیگەران لە پرۆسەی هەڵبژاردن، بۆ ڕووبەروو بوونەوەی دۆخی نالەبار و عەسکەرتاریەتی ئەو دەڤەرانەی کە میلیشیا و دۆخی عەسکەرتاریەت بالّیان بەسەردا کێشاوە.

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی کارگێری و ئابووری بەشی ئابووری بەناوی لاڤە دانا عبدالجبار وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی ئەندازیاری زانکۆی صلاح الدین بەشی میکانیك بەناوی رامین محمد رسول وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة احوال شخصية اربيل/٣

العدد: ٣٢٩٥/ش/٢٠١٩/٣

التاريخ: ٢٠١٩/١٠/١

اعلان

الى/ المدعى عليه (نصير عاصى احمد) محل اقامتك مجهول

قررت هذه المحكمة فى الدعوى المرقمة (٣٢٩٥/ش/٢٠١٩/٣) بتاريخ ٢٠١٩/٩/٢٦ الحكم عليك ب (التفريق للهجر) بين المدعية (ساهرة خالد ياسين) و المدعى عليه (نصير عاصى احمد) و لمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار قرية عوينات التابعة القضاء تكريت تقرر تبليغك بوسطة جريدتين يوميتين محليتين ولك حق الاعتراض و المتبيز خلال المدة القانونية البالغة (١٠) عشرة ايام من يوم النشر وبعسكه يكتسب القرار الدرجة القطعية وفق القانون.

القاضى/ صباح قادر كامال

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : هزار طحلو درويش

للطلب المقدم من قبل المستدعي (ماهر عبدو عبو) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة المواد الشخصية في الشمال

اعلان

الى المدعو : عبدو عبو يوسف

للطلب المقدم من قبل المستدعي (ماهر عبدو عبو) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی یاسایی و گرێبەستەکان

ژمارە: ٢٠٥٥٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١

جاردانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ جاری دووەم

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ بەشی یاسایی و گرێبەستەکان هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولکی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٠/٢١) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەمەبەستی بەکرێدانی بانقی خوێن بەشی دەرمان و پێداویستی پزیشکی) هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە پێویستە بری (١,٥٠٠,٠٠٠) ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار دینار وەکو بارمتە لەبەشی ژمێریاری دابنێت.

- بەئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی

دکتۆر/ چەتۆ محمدامین محمد رشید

بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بەشی یاسایی و گرێبەستەکان

ژمارە: ٢٠٥٥٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١

جاردانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ جاری سێیەم

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر/ بەشی یاسایی و گرێبەستەکان هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ جاری سێیەم بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولکی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ دوای ئەنجامدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ جاری دووەم و هەروەها شکاندنی بریار (کسر القرار) بەزیادکردنی ڕێژەی (١٥٪) لەڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٩ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەمەبەستی بەکرێدانی کۆشکی (بەڕێوەبەرایەتی لیژنەی پزیشکی هەمیشەیی) هەرکەسێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە پێویستە بری (١,٥٠٠,٠٠٠) ملیۆنێك و پێنج سەد هەزار دینار وەکو بارمتە لەبەشی ژمێریاری دابنێت.

- بەئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی

دکتۆر/ چەتۆ محمدامین محمد رشید

بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی

بەدواداچوون و ئامار

ژمارە/ ٢٠١٩/١٤٤٢

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٢٩

ئاگاداری

بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن فاتح احمد غفور کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا ئاگادارت ئەکەینەوە کە داواکاری جێبەجێکردن (احمد سلێمان عبدالله) لە ڕێگای بریکارەکەیەوە پارێزەر (توانا دارا حسین) ناوەڕۆکی بریاری دادگای بەرایی سلێمانی/١ بەژمارە ١٢٣٢/ب/٢٠١٧ کە لە ٢٠١٧/١٠/١٠ دەرچووە لە دادگای ئامادەبوون بۆ کراوی سەرەوە بڕیارەکە جێبەجێکراوە لە ٢٠١٩/٩/٢٢ کە بڕی قەرزی ئەستۆت بە ڕەسمی جێبەجێکردنەوە (٧٦٤,٦٩٤,٠٠٠) حەوت سەدو شەست و چوار ملیۆن و شەش سەدو نەوەد و چوار هەزار دینارە.

پاش ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە لە ڕێگای شەرحی پێراگەیەنەری دادی و موختاری گەڕەکی ڕزگاری تازە کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە بریارماندا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای ٢ ڕۆژنامەی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی لە ماوەی ١٥ ڕۆژدا کە دەستپێدەکات لە ڕۆژی دووبارە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا بۆ بژاردنەوەی قەرزی ئەستۆت بەپێچەوانەوە ئیجراتاتی یاسایی بەزۆرت بەرامبەر ئەنجام ئەدرێت.

جێبەجێکاری داد/ گوڵە فریق حمە فرج

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ٣٤٣/ج/٢٠١٦

بەروار: ٢٠١٩/٩/١١

بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ازاد رشید امین

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەنکەی پۆلیسی (بەکرجۆ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەور / شیرین علی حمەسور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارە: ١١٩٣/ك/٢٠١٦

ڕۆژ: ٢٠١٩/٩/١٥

بۆ/ تاوانبارکراو کارزان رمضان قادر

ئاگاداری

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەڕۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٥ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە (ئامادەنەبوون) بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە ١١٩٣/ك/٢٠١٩ بڕیاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی ٢/٢٣ لەیاسای هاتووچۆ حوکم درا بەسەرتا بە بەندی سوك بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ بەپێی بەشی ٢/٢٣ لە یاسای هاتووچۆ ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤.

وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی (اعتراض)ت هەیە لەم بارەیە بەگوێرەی یاسا.

دادەور/شیرین علی حمەسور

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لە سلێمانی بەدواداچون و ئامار

ژمارە: ٢٠١٨/١٧٣٨

ڕێکەوت : ٢٠١٩/٩/٢٩

ئاگاداری

بۆ داوالێکراوی جێبەجێکردن (ئالان عبدالقادر صالح) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا ئاگادارت ئەکەینەوە کە داواکاری جێبەجێکردن (دیار ڕؤوف صالح) بڕیاری دادگای بەرایی سلێمانی / ١ بەژمارە (٢٥٧/ب/٢٠١٨) کە لە ٢٠١٨/٦/١٢دەرچووە تایبەت بەقەرز و اتعاب محامات بەبڕی (١٤,٥٦٥,٦٠٠) چواردەملیۆن و پێنج سەد و شەست و پێنج هەزار و شەش سەد دینار بەرەسمی جێبەجێکردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕوون بۆتەوە لە ڕێگای شەرحی پێراگەیەنەری دادی و پێراگەیەنەری دادی بنکەی پۆلیسی سەرچنار و دروشمی ٣- لێژنەی لێکۆڵینەوەتان بەدەرە لە یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١) هەموارکراو ماددە (١٠)برگە (١) هەمان یاسا ئەنجام ئەنجام دراوەو فەرمانەکەشی هاوپێچ نەکراوە..

مەریوان بەگۆڕ عەزیز/

بەڕێوەبەری گشتی دیوان

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٦٥١)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٦) ك (١٠) سوێری لەپشت ڕێگای گشتی (هەولێر- گوێر)، بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك تارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکەسەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کەمال طیب قادر

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی/ میلاکات

ژمارە: ١١٨٩٧/١٠٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٩

بۆ/ بەڕێز (سلام شیخو تمو) (فەرمانبەری گرێبەست) لە (سەرۆکایەتی شارەوانی شاویس)

ئاگادارکردنەوە

لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٣ دیار نەماوی ئاگادارت دەکەینەوە لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژ ئەگەر لە ناو هەرێمی لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی خەبات دەست بەکار بکەیتەوە بەپێچەوانەوە گرێبەستت هەلدەوەشێتەوە.

ئەندازیار/نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٣٠٦٠/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ریباز سایل حمد)

لەسەر داوای داواکار (شەهلا محمد صوفی) لە داوای ژمارە (٣٠٦٠/ب/٢٠١٨) ئەم دادگایە لەبەروای ٢٠١٩/٥/٦ بڕیاریدا لەسەرتان بە گەراندنەوەی کەل و پەلەکانی ناو ماڵی هاوسەری داوالێکراو یاخود دانی نرخەکانیان کە خەملێنراوە بەگوێرەی دارایی بری (٤,٢٤١,٠٠٠) چوار ملیۆن و دوو سەد و چل و یەك هەزار دینار، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی باداوە) لە بەروای ٢٠١٨/١١/١٧ بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژئاوا و بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە لەسەر دەستی شوێنی نیشتەجێبوونتان و (قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمییز)ە و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی ٣٠ ڕۆژدا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادەور/ سرکوت طه رسول

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٢٣٥٤/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٢

بۆ/ داوالێکراو (زینب هیثم سعید)

جاردان

داواکار (احمد خالد حازم) داوای ژمارە ٢٣٥٤/ب/٢٠١٨ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٣ بڕیاری پاشەلەی دەرهەقت دەرکردووە بە پابەندکردنت بەگەراندنەوەی بری ٦٣,٠٠٠ دۆلاری امریکی بەرامبەر (٧٦,٢٥٠,٠٠٠) هەزار دینار لەگەڵ بری (٦٥٠,٠٠٠) هەزار دینار لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر/ ئۆزال ستی) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژئاوا و ئێوە مافی تانەی (اعتراض) تێهەڵچوونەوە وە پێداچوونەوەتان هەیە لە بڕیارەی نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسای.

دادەور/ محمد بهاء الدین عبدالله

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە: ٢٠٢٧/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٦

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (بیان عبدالمطلب محمد)

لەسەر داوای داواکار (اسو عبدالمطلب محمد) لە داوای ژمارە (٢٠٢٧/ب/٢٠١٨) ئەم دادگایە لەبەروای ٢٠١٩/٧/٢٨ بڕیاریدا بەنەهێشتنی هاوبەشیتان لە مولکی ژمارە (١/٧٦٩٩) کەرتی ٩٤ باداوە، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگای هەولێر/ موختاری یەکەمی گەرەکی فەرمانبەران) لە بەروای ٢٠١٨/٩/١٧ بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنتان بەبڕیارەکە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژئاوا و بڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە لەسەر دەست

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کارەبا
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Electricity
Minister's office
Contracts directorate

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الكهرباء
مكتب الوزير
مديرية العقود

ژمارە : 6436
No:
رێکەوت : / /2719 ی کوردی
Date 2019 / 9 / 30

کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (5) ی ساڵی 2019

وەزارەتی کارەبا بۆ جاری دووەم کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی (دامەزراندنی وێستگەی مۆبایلی دێرێ) بە مەبەستی چاسەرکردنی بار زۆری فیدەرەکانی وێستگەی خانزادو چەژنی کان

The Contractor shall provide on turnkey basis engineering detailed design manufacture supply erection testing and commissioning including associated civil works for one (1) new 132/11kv mobile substation to be placed at Derry in the Erbil Governorate of the Kurdistan Regional Government of Iraq

جا هەر بەڵێندەرێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن :

1- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێ ی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (2) ساڵی (2016) و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .

2-هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێ ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.

3- ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە (180) سەدو هەشتا ڕۆژی تەقویمیە دوای هەفتەیەك لە بەرواری واژووکردنی گرێبەست.

4- بەڵێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی

هاوکێشەی پێبژاردنی ڕۆژانە گشتیەکان = (گۆڕەی گرێبەست / ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە) ×10% لە ڕێنمایەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە

5- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (12)مانگ لەبەرواری وەرگرتنی سەرەتایی .

6- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (50.000.000) پەنجا ملیۆن دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی).

7- 5٪ لەکارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .

8- کۆمپانیا دەبێت بە لایەنی کەم یەك کاری هاوشێوەی پرۆژەی هاتووی ئەنجام دابێت و تەواوی کردبێ .

9- دەبێت کۆمپانیا لە پلە چوار کەمتر نەبێت ئەگەر بەڵێندەرایەتی بێت.

10- دەبێت ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی داخراوی جیا جیا پێشکەش بکرێت.

11- دەبێت تەندەرەکە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.

12- بەڵێندەر دەبێت ئەندازیاری کارەبایی بۆ پرۆژەکە دابنێت تاوەکو پرۆژەکە تەواو دەبێت .

13- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.

14- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .

15- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت .

16- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

17- نرخی کرینی تەندەر (200,000) دوو سەد هەزاردینارە بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەڕێتەوە.

18- ئەگەر بەهەر هۆیەك ڕۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەرواڕە دەبێتە دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر .

19- دوارۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە ڕۆژی یەك شەممە لە ڕێکەوتی 20/ 10 /2019 دەبێت کاتژمێر (12) نیوەڕۆ.

کمال محمد صالح
وەزیری کارەبا
2019/9/29

کۆفان 2019/9/29 هاجر

Kurdistan – Erbil
Tel: 0662272213
www.krgelectric.org
moe-kr@hotmail.com

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی کارەبا
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Electricity
Minister's office
Contracts directorate

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الكهرباء
مكتب الوزير
مديرية العقود

ژمارە : 6449
No:
رێکەوت : / /2719 ی کوردی
Date 2019 / 9 / 30

کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (6) ی ساڵی 2019

وەزارەتی کارەبا بۆ جاری دووەم کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی (دابین کردنی بۆ وێستگەی صالح ئاغا لە ناحیەی قۆرەتوو) 25MVA وێستگەیەکی مۆبایل بەتوانای 33/11 کەی ڤی

(The Contractor shall provide on turnkey basis engineering, detailed design, manufacture, supply, erection, testing and commissioning including associated civil works for one (1) new 33/11kV mobile substations to be placed at Salih Agha in the Germin Governorate of the Kurdistan Regional Government of Iraq).

جا هەر بەڵێندەرێك یان کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن :

1- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێ ی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (2) ساڵی (2016) و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .

2-هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێ ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.

3- ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە (180) سەدو هەشتا ڕۆژی تەقویمیە دوای هەفتەیەك لە بەرواری واژووکردنی گرێبەست.

4- بەڵێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی

هاوکێشەی پێبژاردنی ڕۆژانە گشتیەکان = (گۆڕەی گرێبەست / ماوەی ئەنجامدانی پرۆژەکە) ×10% لە ڕێنمایەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە

5- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (12) مانگ لەبەرواری وەرگرتنی سەرەتایی .

6- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (36.000.000) سی و شەش ملیۆن سێ سەدو بیست هەزار دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی).

7- 5٪ لەکارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .

8- کۆمپانیا دەبێت بە لایەنی کەم یەك کاری هاوشێوەی پرۆژەی هاتووی ئەنجام دابێت و تەواو کردبێت .

9- دەبێت کۆمپانیا لە پلە چوار کەمتر نەبێت ئەگەر بەڵێندەرایەتی بێت .

10- دەبێت ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی داخراوی جیا جیا پێشکەش بکرێت.

11- دەبێت تەندەرەکە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.

12- بەڵێندەر دەبێت ئەندازیاری کارەبایی بۆ پرۆژەکە دابنێت تاوەکو پرۆژەکە تەواو دەبێت .

13- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.

14- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .

15- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت .

16- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.

17- نرخی کرینی تەندەر (200,000) دوو سەد هەزاردینارە بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەڕێتەوە.

18- ئەگەر بەهەر هۆیەك ڕۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەرواڕە دەبێتە دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر .

19- دوارۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە ڕۆژی دووشەمە شەمە لە ڕێکەوتی 2019/10/21 دەبێت کاتژمێر (12) نیوەڕۆ.

کمال محمد صالح
وەزیری کارەبا
2019/9/30

کۆفان 2019/9/29 هاجر

Kurdistan – Erbil
Tel: 0662272213
www.krgelectric.org
moe-kr@hotmail.com

بانگەشەی گواستنەوەی زانیاریی پەیوەندییەکانی تەمپ بۆ کۆمپیوتەرێکی خاوەن سیستمی پارێزگاریی بەهێز



بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە زانیارییەکانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی سەرۆکی ئەمریکا، دۆنالد ترەمپ لەگەڵ سەرکردە بیانییەکان کە هەریەکە لە سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پوتین و جێنشینی سعوودیە، شازادە محەمەد بن سەلمان-یشیان لەنێودایە، گواستراوەتەوە بۆ نێو کۆمپیوتەرێکی خاوەن سیستمێکی پارێزگاریی بەهێز. بەمجۆرە لەبەرامبەر مەترسیی دزەپێکردنی زانیارییەکاندا، سنووردار بۆ ئەو هاوکارانەی دانراوە کە ناوەڕۆکی پەیوەندییەکانی ترەمپ دەبینن.

هەوڵەکانی ڕاگرتنی ترەمپ

ڕۆژی هەینی ڕۆژنامەی Wall Street Journal ی ئەمریکی بانگەشەی ئەوەی کرد، دۆنالد ترەمپ لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەیدا کە مانگی تەموز لەگەڵ سەرۆکی ئۆکرایناە، ڤلۆدۆمیر زێلێنسکی ئەنجامی داوە، داوای لەو وڵاتە کردووە لێکۆڵینەوە لەبارەی کوڕەکەی جۆ بایدن-دە بکەن.دۆنالد ترەمپ لەسەر ئەو بانگەشانەوە ڕایگەیاند، پەیوەندییەکەی لەگەڵ ڤلۆدۆمیر زێلێنسکی بەتەواوی لەگەڵ پرەنسیپەکاندا گونجاو بووە و گوتی: "گرنگ نییە لەگەڵ زێلێنسکی باسی چیم کردووە. پێویستە کەسانێک لە بایدن بکۆڵنەوە".هەفتەی ڕابردوو بانگەشەی ئەوە کرا کە دۆنالد ترەمپ بە سەرۆکی ئۆکرایناى ڕاگەیاندووە، ئەگەر بەتەنها لێکۆڵینەوە لە جۆ بایدن و خێزانەکەی دەکەن، پشتگیریی دەکات و دۆنالد ترەمپ لەوبارەوە ڕایگەیاند کە بەرلە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەگەڵ ڤلۆدۆمیر زێلێنسکی، بڕێ 400ملیۆن دۆلار هاوکاری بۆ ئۆکراینا هەڵپەساردووە. هەر بە هۆی ئەو بابەتەوە کە بووە هۆی هەوڵەکانی ڕاگرتنی ترەمپ، نوێنەری تایبەتی ترەمپ بۆ ئۆکراینا، کورت ڤۆڵکەر دەستی لەکارکێشابووەوە.

کۆنگۆی دیموکرات.. گیانلەدەستدان بە هۆی ڤایرۆسی ئیبۆلاوە لە تەشەنەسەندنداید



لە کۆتایی تەموزی ساڵی ڕابردووەوە تاکو ئێستا، دوو هەزار و 14کەس بە هۆی توشبوونیان بە پەتای ئیبۆلاوە لە کۆماری کۆنگۆی دیموکرات گیانیان لەدەستداوە. بەپێی داتاکانی وەزارەتی تەندروستی کۆماری کۆنگۆی دیموکرات، تاکو ئێستا سێ هەزار و 186حاڵەتی تای خوێنبەربوون تۆمارکراوە و دەریشکەوتووە کە سێ هەزار و 72کەسیش تووشی ئەم جۆرە ڤایرۆسە بوون. بەپێی داتاکان تا ئێستا، دوو هەزار و 14کەس بە هۆی ئیبۆلاوە گیانیان لەدەستداوە و 114کەسیش بە هۆی تای خوێنبەربوونەوە گیانیان لەدەستداوە و ئەگەری هەیە هەر بە هۆی ڤایرۆسی ئیبۆلاوە دووچاری ئەو حاڵەتە بووبنەوە. ڕاشگەیەنراوە کە تاکو ئێستا، 989هەڵگری ڤایرۆسی ئیبۆلا بەو چارەسەرەی وەریانگرتووە چاکبوونەتەوە و چارەسەری 69تووشبووی دیکە بەردەوامە. مانگی ئابی ڕابردوو پەیمانگای نەخۆشییە گواستراوەکانی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دەرمانەکانی "REGN-EB3", "MAB114", "ZMapp"و "Remdesivir"ی لەسەر 700تووشبووی ئیبۆلا لە کۆنگۆی دیموکرات تاقیکردووەتەوە و چارەسەرەکان کاریگەریی ئەرێنییی لەڕێژەی سەدا 94ی نەخۆشەکاندا نیشانداوە.

ڤایرۆسی ئیبۆلا کە دەبێتە هۆی تا و خوێنبەربوون، یەکەمجار ساڵی 1976لە شاری نزارای سوودان و کۆنگۆی دیموکرات بڵاوبووەوە و لەبەرئەوەی لە گوندێکی نزیک ڕووباری ئیبۆلا سەریهەڵدا، ناوی ئیبۆلای لێنراوە.

ئیبۆلا لە مانگی کانوونی یەکەمی 2013دا لە ڕۆژئاوای ئەفریقا جارێکی دیکە بڵاوبووەوە. تەنها لە ساڵی 2014بۆ ساڵی 2017?سی هەزار کەس لە غینیا، لیبێریا و سێرالیۆن تووشبوون بە ڤایرۆسەکە و زیاتر لە 11هەزار لەو تووشبوانە گیانیان لەدەستدا.



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1791:
یەکەم پەرلەمانی فەرەنسا دوای بەرپابوونی شۆڕش، دانیشتنی یەکەمی خۆی ئەنجام دا.



ساڵی 1949:
کۆماری چینی میللی لەلایەن ماو تسی تۆنگ ڕاگەیەنرا و شۆ ئین لای وەک سەرۆک وەزیران دەستنیشان کرا.



ساڵی 1970:
تەرمی جەمال عەبدولناسری سەرۆکی پێشووتری میسر لە ڕێورەسمێکی گەوردا بە خاک سپێردرا.



ساڵی 1991:
شاری لینینگراد ناوی پێشووی خۆی بۆ گێڕدرایەوە کە سانت پترسبۆرگ بوو.



ساڵی 2013:
حکوومەتی فیدراڵی ئەمەریکا بەو بودجەیە ڕازی نەبوو کە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دیار کرابوو.



ساڵی 2017:
حکوومەتی هەرێمی کاتالۆنیا ڕاپرسیەکی دەربارەی سەربەخۆبوون ئەنجام دا و لەلایەن حکومەتی ئسپانیاوە ڕەت کرایەوە.

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/10/2 ژمارە (5840)





سعودیە چارەسەری سیاسی بە باشتر دەزانێت

ئا: عەبدولقادر کەڵهۆڕ

ئەمیر محمد بن سەلمان، وەلی عەهدی عەرەبستانی سعودیە لە دیدارێکی تەلەفزیۆنی هۆشداری دا و گوتی، ڕەنگە نرخی نەوت بە شێوەیەکی خەیاڵی بەرز بێتەوە ، ئەگەر بێت و جیهان دەست لەناو دەست بەرپەرچی ئێران نەداتەوە .. گوتیشی چارەسەری سیاسی باشترە لە چارەسەری سەربازی.

وەلی عەهدی سعودیە لە دیدارێک لە بەرنامەی "60خولەک" کەناڵی سی ئێن بی سی ، ڕەتیکردەوە کە فەرمانی کردبێت بە کوشتنی ڕۆژنامەنووس جەمال خاشقچی، بەڵام وەکو سەرکردەی وڵات بەرپرسیاریەتی تەواوی بابەتەکە لە ئەستۆی منداید. سەرباری ئەوەی کۆژانی خاشقچی کاریگەری زۆر هەبوو لەسەر لەکەدار کردنی ناوبانگی وەلی عەهدی سعودیە ، بەڵام سەرهەڵدانی تەنگژەی نێوان وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دوژمنی سەرسەختی سعودیەیە، پرسەکانی ئاراستەیەکی دیکەی گرتە بەر ، بەتایبەتیش دوای هێرشەکانی 14سێپتەمبەر بۆ سەر کەرتی نەوتی عەرەبستانی سعودیە .هەر لە دیدارەکە ئەمیر محمد بن سەلمان گوتی، ئەگەر هەموو جیهان هەوڵێستێکی توند بۆ بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران نەگرێتەبەر ڕەوشەکە ڕوو لە سەرخستنی زیاتر دەکات.هەر لە دیدارەکە گوتیشی ، لەگەڵ ماریک پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاوڕام، هێرشەکانی 14سێپتەمبەر بۆ سەر دەزگە نەوتییەکانی عەرەبستانی سعودیە، کرداری جەنگ بوو ئێران ئەنجامی دا ، بەڵام سعودیە خوازیارە بەرپەرچدانەوەی ئێران لە ڕێگەی چارەسەری سەربازییەوە نەبێت و چارەسەری سیاسی بە باشتر دەزانێت.چونکە هەڵگیرسانی جەنگ لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێرانی مەملەکەتی عەرەبی سعودیە دەبێتە هۆی داروخانی ئابووری جیهان. جێی باسە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرپرسیاریەتی ئەو هێرشەیان خستە ئەستۆی ئێران.. لە بەرانبەردا کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەتیکردەوە کە دەستی هەبووبێت لەو هێرشانەدا کە کرایە سەر دەزگە نەوتییەکانی مەملەکەتی عەرەبستانی سعودیە.وەلی عەهدی سعودیە لەو بارەوە دەگەی ناوەندی هەواڵگری ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا پێیانوایە ئەمیر محمد بن سەلمان فەرمانی کردووە بە کوشتنی جەمال خاشقچی ، بەڵام بەردەوام بەرپرسانی سعودیە دووپاتیدەکەنەوە کەهیچ ڕۆڵێکی نەبووە لە کرداری کۆژرانی ناوبراو.لە سەرەتا سعودیە تۆمەتی کۆژرانی جەمال خاشقچی ڕەتکردەوە ، تاوانەکەی خستە ئەستۆی کەسانی بەکرێگیراوو قین لە دڵ، ئەوکات داواکاری گشتی گوتی، یارییدەدەری دەزگەی هەواڵگری سعودیە فەرمانی بە دوورخستنەوەی خاشقچی داوە، کە کەسێکی نزیکە لە خانەوادەی دەسەڵاتداری سعودیە، بەڵام دواتر کە دانوستەنەکان بۆ گەڕاندنەوەی خاشقچی بۆ سعودیە فەرمانی بە کوشتنی داوە.کاتێک پرسیاریان لە محمد بن سەلمان بووە، بە تایبەتیش دوای کشانەوەی ئەمەریکا لە ڕێکەوتنامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران و سەپاندنی سزای ئابووری زیاتر بەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران.پێش چەند ڕۆژێک لە کۆژرانی ڕۆژنامەنووسی سعودی جەمال خاشقچی لە 2ئۆکتۆبەری 2018لە کونسوڵخانەی عەرەبستانی سعودیە لە تورکیا ، وەلی عەهدی سعودیە لە وەڵامی پرسیارێک لە هەمبەر ئەوەی ، ئایا ئەو فەرمانی بەکوشتنی خاشقچی کردووە ، گوتی بێگومان نەخێر.بەڵام بەرپرسیاریەتی تەواو لە ئەستۆی منداید چونکە ئەوانەی تاوانەکەیان ئەنجامداوە کار بۆ مەملەکەتی عەرەبی سعودیە دەکەن. ئەوەی ڕوویدا هەڵەیەکی گەورەبوو، لە ئایینده هەموو جۆرە ڕێکارێک دەگرینە بەر بۆ ئەوەی هەڵەی وا ڕوونەداتەوە. گوتیشی، پێویستە دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حەسەن ڕۆحانی سەرۆکی ئێران ڕاستەوخۆ بەیەکەوە کۆببنەوەو لە هەمبەر پرۆگرامە ئەتۆمیەکان و دەستەبالآیی ئێران لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەنە ڕێککەوتنێک. تاکو ئێستا هەموو هەوڵەکان بۆ کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوو سەرۆک لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرکەوتوو نەبووە، ڕەوشەکە ئاڵۆزتر لەوە بارەوە دەگەی ناوەندی هەواڵگری ئەمەریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا پێیانوایە ئەمیر محمد بن سەلمان فەرمانی کردووە بە کوشتنی جەمال خاشقچی ، بەڵام بەردەوام بەرپرسانی سعودیە دووپاتیدەکەنەوە کەهیچ ڕۆڵێکی نەبووە لە کرداری کۆژرانی ناوبراو.لە سەرەتا سعودیە تۆمەتی کۆژرانی جەمال خاشقچی ڕەتکردەوە ، تاوانەکەی خستە ئەستۆی کەسانی بەکرێگیراوو قین لە دڵ، ئەوکات داواکاری گشتی گوتی، یارییدەدەری دەزگەی هەواڵگری سعودیە فەرمانی بە دوورخستنەوەی خاشقچی داوە، کە کەسێکی نزیکە لە خانەوادەی دەسەڵاتداری سعودیە، بەڵام دواتر کە دانوستەنەکان بۆ گەڕاندنەوەی خاشقچی بۆ سعودیە فەرمانی بە کوشتنی داوە.کاتێک پرسیاریان لە محمد بن سەلمان کرد ، چۆن ئەو تاوانە بەبێ ئاگاداری ئەو ڕوویداوە ، ئەو گوتی، هەندێک کەس پێیان وایە ڕۆژانە دەبێ من ئاگەدارم 3ملیۆن فەرمانبەری سعودیە چی دەکەن وچۆن ڕەفتار دەکەن. مەحاڵە ڕۆژانە ڕاپۆرت لە بارەی 3ملیۆن کەسەوە ڕەوانە بکرێت بۆ کەسی یەکەم یا دووەمی دەسەڵات. ئەمیر محمد بن سەلمان ڕشتبوونی خۆیشی نیشاندا کە لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن و هەرکاتێک تۆمەتەکان لەسەر هەرکەسێک یا لایەنێک ساخ بێتەوە بە دڵنیاییەوە سزای دەدەن.جێی زانینە دەسەڵاتدارانی مەملەکەتی عەرەبستانی سعودیە 11 کەسی تۆمەتباریان زۆر بە نهێنی بردە بەردەم دادگا ، بەڵام دادگەی سعودیە تەنیا چەند دانیشتنێکی ئەنجامدا.. دواتریش نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا داوای کرد لێپرسینەوە لەگەڵ ئەمیر محمد بن سەلمان وەلی عەهدی سعودیە و چەند بەرپرسێکی باڵای ئەو دەوڵەتە ئەنجام بدرێت.جێی زانینە جەمال خاشقچی نووسەری ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست بۆ دوا جار بینراوە کە لە 2 ئۆکتۆبەر بۆ وەرگرتنەوەی مامەڵە هاوسەرگیرییەکەی دەچێتە نێو باڵیۆزخانەی سعودیە لە ئیستانبوڵ.

لە دوا بەشی دیدارە تەلەفزیۆنیەکەی ئەمیر محەمەد بن سەلمان وەلی عەهدی مەملەکەتی عەرەبستانی سعودیە داوای لە ئێران کرد پاڵپشتییەکانی بۆ میلیشیا حوسیەکان ڕابگرێت و بێتە سەرمێزی گفتوگۆ چونکە بە گوتەی ئەو چارەسەری سیاسی باشترە لە چارەسەری سەربازی.

جەزائیر..

سوپا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا بێ لایەن دەبێت

سەرۆک ئەرکانی سوپای جەزائیر، ئەحمەد قائید سالح ئاماژەی بەوە کرد کە سوپا کاندیدی نابێت بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کە لە 12ی کانوونی یەکەم بەڕێوەدەچێت و پشتیوانیش لە هیچ کاندیدێک ناکات.

لە میانی سەردانی ناوچەی سەربازی دووەم باکووری خۆرئاوای جەزائیر، سالح گوتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سوپا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییدا پشتیوانی لە هیچ کاندیدێک ناکات و بێ لایەن دەبێت.سالح باسی لەوە کرد کە گەل سەرکۆماری داهاتوو هەڵدەبژێرێت و باسی لەوەیش کرد کە پێویستە ڕووبەڕووی ئەو درۆیانە ببنەوە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن دژبە سوپا "کاندید دیاری بکرێت.ژمارەیەک چالاکوانی جەزائیر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بانگەشەی ئەوەیان کرد سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئەو وڵاتە، عەبدولمەجید تەبون بوتەفلیقە بڕیاربوو یەکەم هەڵبژاردن لە چواری تەموزدا بەڕێوەبچێت، بەڵام بە هۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و نەبوونی کاندید لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەوە هەڵبژاردنەکان بۆ مانگی حوزەیران دواخرا.پاشان حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن شاندی دانوستانیان پێکهێنا بۆ دیاریکردنی نەخشەڕێگا و لەم قۆناغەشدا حکوومەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردن و پێکهاتەی سەربەخۆ بەناوی "ئیدارەی هەڵبژاردنی سەربەخۆی نیشتمانی" بەڵێنی ئەوەیدا کە هەڵبژاردنەکە بە ،سەربەخۆیی و شەفافی بەڕێوەبچێت.

سەرۆک ئەرکانی سوپای جەزائیر فەرمانی دەرکردبوو کە تا 15ی ئەیلوول بەروارەی هەڵبژاردنێکی نوێ ڕابگەیەندرێت "لەو بارەیەشەوە سەرکۆماری کاتیی ئەو وڵاتە، عەبدولقادر بن سالح ڕاگەیاند کە لە 12ی کانوونی یەکەم هەڵبژاردنی نوێ دەکرێت.


کاندیدی ڕژێم یان سوپایە.دوای دەستەلەکارکێشانەوەی سەرکۆماری پێشووی جەزائیر، عەبدولعەزیز بوتەفلیقە بڕیاربوو یەکەم هەڵبژاردن لە چواری تەموزدا بەڕێوەبچێت، بەڵام بە هۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکان و نەبوونی کاندید لە لایەن ئۆپۆزسیۆنەوە هەڵبژاردنەکان بۆ مانگی حوزەیران دواخرا.پاشان حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن شاندی دانوستانیان پێکهێنا بۆ دیاریکردنی نەخشەڕێگا و لەم قۆناغەشدا حکوومەت بە یاسای نوێی هەڵبژاردن و پێکهاتەی سەربەخۆ بەناوی



مانشێت



سکای نیوز:
لە یەکەم ڕاگەیاندنیدا دوای لەسەرکارلادانی ، جۆن بۆڵتۆنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشووی ئەمەریکا ڕایگەیاند سەرۆکی کۆریای باکوور هەرگیز بە هێمنی دەستبەرداری چەکی ئەتۆمی نابێ .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
سەرۆکی چین پەیانی دا کە ڕێز لە سیستمی ئۆتۆنۆمی هۆنگ کۆنگ بگرێ .



بی بی سی:
لە مەراسیمی دەستبەکاربوونی سەرکردەیەکی تازە بۆ سەرکردایەتی هاوبەشی هێزەکانی ئەمەریکا ، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە هیواخوازە وڵاتەکەی ناچار نەکرێ ئەو چەکانە بەکار بێنێ کە هێشتا نهێنین و ئاشکرا نەکراون .



ئیلاف :
لە کۆماری ئەفریقیای ناوەڕاست چەند میلیشیایەکی چەکدار ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و لە ئەنجامدا لانی کەم 10کەس بوونە قوربانی .



ئەی ئێف پی:
هیندستان ڕایگەیاند کە مافی خۆیەتی سیستمی بەرگری ئێس 400ی ڕووسی بکڕێ .



کەنالی ئار تی :
عەبدولا عەبدولای سەرۆک وەزیرانی ئەفغانستان هەواڵی سەرکەوتنی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی وڵات ڕاگەیاند .

پارێزگاری هەولێر:
گرنگی بە گەشتوگوزار و سەوزکردنی شار دەدەین

لە میانەی بەشداریکردنی دکتۆر فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لە ڕێورەسمی یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار لەسەر قەلای هەولێر وتەیەکی پێشکەش کرد، لە وتەکەیدا ئاماژەی بە گرنگی شوێنەوار و شوێنە گرنگەکانی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان کرد کە دەکرێ بایەخی زۆر زیاتریان پێبدرێ، ئاماژەی بە گرنگیدان بە دابیکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک ڕێگاوبانەکان کرد کە زۆر گرنگن بۆ گەشتیاران و هاوڵاتیان بۆیە هەوڵی جدی دەدەن بۆ چاکردنیان، هەروەها گرنگیدان بە سەوزکردنی زیاتری شار و شەقامەکان دەدەن کە کاریگەری زۆریان لەسەر جوانکردن و پێشوەبردنی کەرتی گەشتیاری هەیە.





وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار:
داواکارین کەرتی تایبەت و سەرمایەداران سەرمایەکانیان لە کەرتی گەشتوگوزار لە ناوخۆی کوردستان زیاتر بە گەڕبخەن



بە بۆنەی یادی ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار ڕێورەسمێک لە سەر قەلای هەولێرلە 27ی ئەیلول سازکرا، لەم یادەدا هەریەک لە ساسان عەونی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و دکتۆر فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و شاندێکی گەشتوگوزاری بەغدا و بەرپرسانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و یەکێتی کۆمپانیاکانی گەشتوگوزار و کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان و کۆمەڵەی گەشتوگوزارناسان و ژمارەیەکی زۆر لە میوان ئامادەبوون. وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد، لە وتارەکەدا لە زۆر لاوە گرنگی گەشتوگوزاری خستەڕوو، لە بەشێکی وتارەکەشیدا تیشکی خستە سەر کەرتی تایبەت و گوتی: لەو کاتەدا کە سوپاسی کەرتی تایبەت دەکەین چ وەک کۆمپانیاکان یاخود دامەزراوەکان یان وەکو تاک، کە ڕۆڵی گرنگیان لە پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزاردا هەبووە، لە هەمان کاتیشدا دڵنیایان پێ دەدەین کە حکوومەتی هەرێم پشتگیری تەواو لە کەرتی تایبەت دەکات و دەیانپارێزێت و کارئاسانیان بۆ دەکات، هەوڵ دەدەین کە هەماهەنگی نێوان حکوومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت زیاتر ببێت و بگاتە ئاستێکی نموونەیی، داواکاریشین کەرتی تایبەت و سەرمایەداران، سەرمایەکانیان لە کەرتی گەشتوگوزار لە ناوخۆی کوردستان زیاتر بە گەڕ بخەن، کە بەم شێوەیەش دەرفەت و هەلی کارکردنی زیاتر بە تایبەتی بۆ گەنجان دەڕەخسێت و دەتوانن لەم بوارەدا پیشەییبانە و لێزانانە کار بکەن و پێش بکەون کە ئەمەش دەبێتە هۆی جوڵانەوە و بووژانەوەی ئابووری لە کوردستاندا. بۆ ئەم مەبەستەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی هەموو هاندان و ئاسانکارییەکە بۆ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران و خاوەن سەرمایەکان کە لەم بوارەدا سەرمایەکانیان بەگەڕ بخەن.

گەورەترین کێشەی گەشتوگوزار نەبوونی یاسایە



نادر روستی

ساڵ دوای ساڵ ژمارەی گەشتیاران زیاد دەبێت. بۆیە ئێستا زۆربەی وڵاتان لە پێشبڕکێدان بۆ ڕاکێشانی زۆرترین گەشتیار و دەستکەوتنی زۆرترین داهاتی گەشتیاری بۆ وڵاتەکەیان. هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە بنەمای گەشتیاری زۆرە و دەکرێ بە شێوەیەکی باش سوودی لێ وەربگرین و بیکەین بە سەرچاوەیەکی داهات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستیمان بە خۆرێکخستن و زیادکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاریبە لەهەرێم، گەورەترین کێشەش لەبەردەم کەرتی گەشتیاری لە ئێستادا نەبوونی یاسایی گەشتوگوزارە لە هەرێمی کوردستان، کەواتە بۆچی یاسامان نییە؟

لە کابینەی پێنجەم تەنیا یاسایی هەیکەلی وەزارەتی گەشتوگوزار دەرچوو، بەهۆی نەمانی وەزارەتی گەشتوگوزار یاساکەش سوودی لێوەرناگیرێ. دواتر یاسایی هەیکەلی نوێی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەرچوو، کەواتە لە کابینەی پێنج و لە کابینەی شەش هیچ یاسایەک بۆ ڕێکخستنی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان دەرنەچووە، هەروەها یاسایی دەستەی گەشتوگوزاری ئیراق ژمارە 14ساڵی 1997ز تاکو ئەمڕۆ بۆ گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان هەموار نەکراوە. کەواتە گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان خاوەنی هیچ یاسایەک نییە، ئەمەش گەورەترین کەموکوڕی پێشخستنی گەشتوگوزاری کوردستانە. لێرەدا دەکرێ پرسیار بکەین، بۆچی نەتوانراوە لە بڕی یاسایەک چەند یاسایەک لە سالانی ڕابردو بۆ ڕێکخستن و پێشوەبردنی گەشتوگوزاری کوردستان دابنرێت؟ پێویستە ئەو ڕاستیە بزانین کە هەر وڵاتێکی گەشتوگوزاری پێویستە بە یاسا ماف و ئەرک و چوارچێوەی کارکردن بۆ کەرتی تایبەت و خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان دیاربکات، بە هەمان شێوە ئەرکی حکومەت و مافی حکومەت و دەسەڵاتەکان و جۆری خزمەتگوزاری بە یاسا ڕێکبخرێن. کەواتە ناکرێ پشت بە یاسا کۆنەکانی ئیراق ببەستین، ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوی لە گشت بوارەکان بردۆتە پێشەوە، بە هەمان شێوە کەرتی گەشتوگوزار زۆر گۆڕان و پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیوە، بۆیە ناکرێ و ناشێ هەرێمی کوردستان لە یاسایی تایبەت بە پێشخستنی گەشتوگوزار بێبەش بێت. وڵاتە گەشتوگوزارییەکان توانیویانە بە یاسا پێشکەوتن لە کەرتی گەشتوگوزاردا بکەن، هەندێک وڵات زیاتر لە 5جۆری یاسایان دەرکردوە، ئەمە جگە لەوەی یاساکانیان لە گەڵ پێشکەوتنی سەردەم هەمواردەکەن. بۆیە لێرەدا دەپرسین ئایا ڕێکخستن و ئامادەکردنی یاسایەک بۆ پێشخستنی هەرێمی کوردستان کارێکی هێندە قورس و سەختە؟ یان بودجەی زۆری دەوێت و بودجەکە حکومەت بۆی دابین ناکات تاکو بتوانرێ یاسای پێ دەربکرێ؟ یاخود خەمخۆرێکی گەشتوگوزار لە حکومەت یان لە پەرلەمانی کوردستان نییە کە خەمێک لەم بابەتە بخوات. یاخود نەبوونە خەمی بەرپرسان کە لە کەرتی گەشتوگوزار کار دەکەن؟ یان لە کوردستان هەست بە گرنگی ئەو بابەتە نەکراوە؟ هەر هۆکارێک لەم هۆکارانە بێت گرنگ نییە، گرنگ دارشتنی پرۆژە یاسایەکە بۆ گەشتوگوزار، ئەمەش بەر لە هەموو کەس و لایەنێک وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و پەرلەمانتاران لەم کەموکوڕیە بەرپرسیارن. ئەم پێشنیازەم لە ساڵی 2008لە ورک شوپێکی گەشتوگوزار خستە ڕوو، هەروەها بە هەمان شێوە لە 2010لە وۆرک شۆپێکی تر خستمەڕوو کە دوو ئەندام پەرلەمان و چەند بەرپرسێکی گەشتوگوزار ئامادەبوون، هەروەها لە کتێبی(گەشتوگوزار نەوتی ئایندەی کوردستان) و لە گۆڤاری دنیای گەشتوگوزار بە شێوەی جیاواز خستومەتەڕوو. لەبەر گرنگی بابەتەکە بۆ پێشخستنی گەشتوگوزار ئەم جارەش دەڵێم: پێویستە یاسا و ڕێنمای تایبەت بۆ گشت بوار و لایەن و بنەما و خاوەن شوێنە گەشتیارییەکان دەربچێت و ماف و ئەرکی هەموو لایەک بەرووڕی دیار بێت، واتە گەشتوگوزاری کوردستان بە یاسا ڕێکبخرێت. بۆ ئەمەش پێویستە پرۆژەیاسەکە لە لایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ئامادە بکرێ و بدرێتە پەرلەمان..... تا ئێرە ئەم نووسینە لە ساڵی 2010نووسراوە بەکەمێک دەستکاریەوە دامناوەتەوە.

ئێستا 2019کە ئەم نووسینە دووبارە نوێ دەکەمەوە کە خۆم بەرپرسی ڕاگەیاندنی دەستەی گەشتوگوزارم بە پێی زانیاریەکانم ڕەشنووسی پرۆژە یاسای پەرەپێدانی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ئامادەکراوە و ڕەوانەی ئەنجوومەنی وەزیران کراوە بۆ ئەوەی بخرێتە ناو کاری پەرلەمان و خوێندنەوەی بۆ بکرێ بەڵام هەست دەکەم ئەم جارەش وەک چەند ساڵی ڕابردوو کەمتەرخەمی هەیە و ناخرێتە ناو ئەو پرۆژانەی ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێن. بۆیە لە ڕێگەی ئەم نووسینەم داوا لە کابینەی نۆیەمی حکومەت دەکەم کە پەلە بکەن لە ڕەوانەکردنی یاساکە بۆ پەرلەمان چونکە هیچ خەرجیەکی ناوێت بەڵام هەرێمی کوردستان دەتوانێ لە 80%ی کێشەکانی گەشتیاری چارەسەر بکات و بۆ چەند ساڵی ئایندە لە ڕووی گەشتیاری هەرێمی کوردستان بگەیەنێتە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو.

ئەشکەوتێکی گرنگ و میژوویی شۆڕشی ئەیلول لە ناوچەی باڵەکایەتی دەبێتە پێگەی گەشتیاران



لە هەرێمی کوردستان شوێنی شوێنەواری و میژووی کە گوزارشت لە شارستانیەت و خەبات و ژیانی ڕابردووی گەلی کوردستان دەکەن زۆرن، بەشێکیان بۆ بە گشتیاری کردن و ڕاکێشانی گەشتیاران گرنگن، ژمارەیەک لەو شوێنە میژوویانە کە کورد شانازی پێوە دەکات کەوتوونەتە ناوچەی باڵەکایەتی کە گرینگیان بۆ سەردەمی شۆرشی ئەیلول دەگەڕێتەوە، بەو هۆیەی شۆرشی ئەیلول و سەرکردایەتی شۆرش ناوچەی باڵەکایەتیان کردبووە پایتەختی شۆرش، ئەمەش وایکردووە ناوچەکە ببێتە پێگەیەکی گرنگی میژوویی کە زیاتر لە 15شوێن و پێگەی گرنگ لە خۆ بگرێ، جێگەی داخە کە زۆربەیان تێکچوون و هەڕەشەی فەوتان لەسەریانە، بەڵام ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلول توانی هەریەک لە بارەگەی بەردی تەشیرێس و مۆنێمێنتی بارزانی نەمر لە پردی بنکێلان نۆژەن و ڕێکبخاتەوە و بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران ئامادەیان بکات. لە پرۆژەیەکی نوێشدا ئەشکەوتی سەردێمانیان لە نزیک قەسرێ نۆژەنکردۆتەوە و کردویانن بە جێگەی ڕاکێشانی گەشتیاران، بە مەبەستی ناشناکردنی گەشتیاران بە میژوو و خەبات و سەروەریەکان و ڕۆژانی سەختی ڕابردو. ئەشکەوتی سەردێمان بارەگەی دەنگی کوردستان بووە لە ساڵی 1965 و 1966سەروەریەکی زۆری لە میژووی کوردستان تۆمار کردووە، بۆیە لە یادی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان کە لە ساڵی 1963دامەزراوە، دوای نۆژەنکردنەوەی و دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەتای ڕێگە و ئاو و کارەبا و نمایشکردنی یادەوەریەکان لە 28ی ئەیلول لە ڕێورەسمێکی شایستە بە ئامادەبوونی نوێنەری بارەگەی بارزانی و نوێنەری نووسینگەی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەرپرسی لقی ٢٦ گوڵان و قایمقامی چۆمان و ژمارەیکی زۆر لە بەرپرسانی کارگێری و سەربازی لە سنوورەکە لەگەڵ ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرووی گەشتیاران و هاوڵاتیان کرایەوە. نوێنەری دەستەی گشتی گەشتوگوزار نادر ڕوستی لە وتارێکدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەم کارە ئەرکێکی سەرشانی دەستەی گەشتوگوزار بوو بۆیە دەستخۆشی لە ڕێکخراوی نەوەکانی ئەیلول دەکەین کە دەستپێشخەریان کرد لە بەگەشتیارکردنی ئەم پێگە گرنگە، هەر ڕێکخراو لایەنێکیش ئەم کارە گرنگانە بکات کە بیێتە هۆی پاراستنی میژوو و ڕابردوومان و بە گەشتیاری بکرێ دەستخۆشیان لێدەکەین. چاوەڕوانیش دەکرێ ئەم پرۆژەیە لە ڕووی گەشتیاریەوە بایەخێکی زۆری هەبێت و لە ئایندە گەشتیاران سەردانی بکەن، هەرکاتێکیش بودجەی پێویست لە دەستەی گەشتوگوزار هەبێت شوێنە میژووی و گەشتیاریەکانی کوردستان بە گشتی و شوێنە گرنگەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول کە ژمارەیەکی زۆریان دەکەونە باڵەکایەتی دەخرێنە پلانی ڕێکخستن و نۆژەنکردنەوە و بە گەشتیاری کردن.

لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار بە چەند چالاکییەک بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی 27ی ئەیلول وەک ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار لە لایەن ڕێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار لە ساڵی 1979دیار کراوە و هەموو ساڵێک ڕێورەسمی تایبەتی بە چەند چالاکیەک لە یەکێک لەشارەکانی جیهان بۆ ساز دەکرێ، هاوکات ئەم ساڵ لە شارەکانی هەرێمی کوردستان چەند چالاکیەک لەم یادەدا بەڕێوەچوو: لە گەرمیان بۆ ماوەی یەک هەفتە هەڵمەتی نەمام چاندن و پاک کردنەوە لە چەند ناوچەیەک سازکرا. لە شاری سلێمانی چەند چالاکیەک لە لایەن کەرتی تایبەت و گەشتوگوزاری سلێمانی سازکرا، لە سۆران لە هاوینەهەواری بێخاڵ چەند چالاکیەک بەڕێوەچوو. لە دهۆک لە لایەن گەشتوگوزاری دهۆک کۆڕبەندێک بەڕێوەچوو، لە قەڵای هەولێر لە لایەن کەرتی تایبەت بە هەماهەنگی گەشتوگوزاری هەولێر و دەستەی گەشتوگوزار ڕێورسمێک بەڕێوەچوو.

لە دەربەندیخان ڕێگە بۆ ناوچەیەکی گەشتیاری دەبردرێ



شوێنی بەردەم تاقگەکانی بەنداوی دەربەندیخان و لێواری ڕووبارکە ناوچەیەکی گونجاوە بۆ گەشتیاری بەڵام بە هۆی نەبوونی ڕێگەی هاتووچۆ سوودی لێوەرنەگیراوە، ئێستا دەست کراوە بەکردنەوەی ڕێگەیەکی تێکەڵە کە 150م درێژ دەبێت و بۆ بەردەمی تاقگەکان لە ناوچەی گەشتیاری کەمپی خوارو درێژ دەبێتەوە، گەشتوگوزاری دەربەندیخان سوپاسی قائیمقام و تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات کە هاوکاربوون بەکردنەوەی ئەم ڕێگەیە چونکە جوڵەیەکی گرنگی گەشتیاری دروست دەکات و ناوچەکە دەبێتە شوێنێکی گەشتیاری.



یانەی گوانگزۆ ئیڤرگراندی چینی لە پەیجی فەرمی خۆی بڵاوی کردەوە کە بەشێوەی خواستن گرێبەستیان لەگەڵ پاولینهۆی هێرشبەری یانەی بەرشلۆنە ئەنجام داوە و لەکۆتاییدا بۆیان هەیە پاش کۆتایی هاتنی وەرز بیکڕن. پێشتر پاولینۆ لە ماوەی نیوان 2015بۆ 2017یاری بۆ ئەو یانەیە کردبوو، کە لە 95یاریدا 28گۆڵی تۆمارکردبوو و هەروەها 9دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنیشی ڕەخساندبوو.

بارزان خولێکی تۆپی پێ بەڕێوەچوو



مسلم دۆلەمەری/بارزان

لەدرێژەی کارو چالاکییەکانی وخزمەتکردن بەتوێژی لاوان، بەئامادەبوونی ژمارەیەک لەبەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی و رێکخراوەیی، ناوەندی چالاکی وپێگەیاندنی لاوانی بلێتی سەربەناوەندی بالای بارزان کۆتایی بەخولێکی تۆپی پێ هێنا شایانی باسە ئەم خولە لە یادی 11ی ئەیلول لەلایەن ناوەندی ناوبراو بۆ 26تیپی سنوری خۆی ئامادەکردبوو کەلە ئەنجامدا هەردووتیپی رێزان وبارزان گەیشتنە یاری کۆتایی وتیپی رێزان توانی 8گۆڵ بەرامبەر بە 2گۆڵ بەسەرتیپی بارزاندا سەرکەوێت وببێتە پالەوانی خولەکە، لە کۆتاییشدا خەلات بەسەر سەرکەوتووانی خولەکەو ناوبژیوانانی خولەکە دابەشکرا

کۆڵمان: ئامادە نیم شوێنی بۆڵت بگرمەوە




ڕاکەری ئەمریکی کریستیان کۆلمان، دوای بەدەستهێنانی ملوانکەی زێڕلە ڕاکردنی 100مەتری، لە پاڵەوانیەتی جیهان لە وڵاتی قەتەر وتی، ئامادە نییە ببێتە سیمای تازەی یاریپەکانی هێز و، ئەو کەلێنە پر بکاتەوە، کە وازهێنانی ڕاکەری بەناوبانگ، یۆسین بۆڵت، جێی هێشتووە. ئەمەو کۆلمان توانی 9.76چرکە تۆمار بکات، کە باشترین کاتی ئەم ساڵەیە و لە پێش هاونیشتمانەکەی، جاستن جاتلین بێت، بەم هەنگاوەشی بووە خێراترین پیاو لە جیهاندا. کۆلمان، لە وەڵامی ئەوەی ئامادەیە ببێتە سیمای تازەی یاریپەکانی هێز وتی:"من بیر لەو شتە ناکەمەوە و بایەخیشی پێنادەم". هەروەها وتی:"چەندین ڕاکەر هەن، تینووی بردنەوە و سەرکەوتن، کە وەرزشوانی گەورە و بەهرەمەندن، بۆیە مەرج نییە یەک وەرزشوان ئەوپێگەیەی بەر کەوێت". شیاوی باسکردنە، یۆسین بۆڵت، دوای ئەوەی 8ملوانکەی زێڕی ئۆلمپی بەدەستهێنا، ئینجا وازی لە پێشبڕکێیەکان هێنا. کۆلمان وتیشی:"ئەو ناوچەیەی بۆڵت کۆنترۆڵی کردبوو، لەبەر ئەوەبوو، هەموو شتێکی دەبردەوە و کاتی نایابیشی تۆمار دەکرد، بەڵام ئێستا چەندین ڕاکەری باش هەن، کە ئاستیان زۆر باشە، بۆیە لام وایە دەبێت هەموویان پەسن بدرێن". ئەمەو کۆلمان، بەوە تۆمەتبار کرابوو، دەرمانی وزەبەخشی بەکار هێناوە، چونکە لە ماوەی 12مانگدا، 3جار بە وردی شوێنی خۆی نە پشکنەران نەوتووە. بۆیە بەختی هەبوو لە سزادان ڕزگاری بوو، دوای ئەوەی بەرپرسان ڕایانگەیاند، وادەی یەکێ لە تاقیکردنەوەکان، لە ماوەی ئەو 12مانگەدا نەبووە. کۆلمان لەمبارەیەوە وتی:"هیچ سەرپێچییەکەم نەکردووە، لەبەر ئەوەیە من ئەمڕۆکە لێرەم".

ڕەمزی میرەکانی

ئەگەری زۆر هەیە ئەمشەو مێسی بەرامبەر ئینتەر یاری بکات

ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی ئاشکرای کرد کە لیۆ مێسی بۆ یاریپەکەی ئەمشەو ئامادەدەبێت و چاوەڕوان دەکرێت بەرامبەر یانەی ئینتەر میلان یاری بکات. ڕۆژنامەکە ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەو ئەستێرەیەی ئەرژەنتین بەشێوەیەکی زۆر باش چاک بۆتەوە و ئەمەش وا دەکات کە لە پێکهاتەی سەرەکی کەتالۆنیا بێت و ئەگەر لە پێکهاتەی سەرەکیش نەبوو ئەوا لەگێمی دووەم یاری پێدەکرێت، چونکە پێکانەکەی بەوشێوەیە مەترسی نەبووە هەروەک باسیان لێوەدەکرد، بەڵام پێناچێت ڤالڤێردی ڕاهێنەر سەرەڕۆیی بکات لە بەشداری پێکردنی لەئەگەری لەدەستدانی بۆ ماوەیەکی درێژتر.



پزیشکی تایبەتی وەرزشی



ژیلا تەیفور

گرینگترین شت لە ژیانی هەر یاریزانێک تەندروستییەکی باشە تاوەکو بتوانێت ئامانج و ئەنجامی باشی هەبێت لە یاریپەکاندا، یاریزانێکی تەندروست لە ڕێگەی چاودێری تەندروستی بەردەوام لە لایەن پزیشکی تایبەتی وەرزشییەوە بەرهەم دەهێنرێت.

ئەرکی سەرەکی چاودێریکردنی بەردەوام و چارەسەر و پشکنینی سەردتا و خێرایە لەکاتی پێویست و ویستراو بە یاریزانان و یەکە یەکە ئەندامانی تیپێکی وەرزشی لە یانەکەدا، پێش یاریکردن پاک ڕاگرتنی کەل و پەل و پێداویستییە تایبەتیە وەرزشییەکان و بەکارنەهێنانی شتی ناگرینگ و گومانـاوی یەکێکە لە ئەرکەکانی ڕۆژانە و بەردەوامی پزیشکی وەرزشی کە فێرکاری دەربارەی شوێنی پشوو و مانەوەیان و ئەو پلە گەرمیەی کە پێویستە لە ژوری نوستنەکەی بێت بە پێی باردودۆخ و تەندروستی یاریزانەکان پێدانی تێبینی بە یاریزانەکان.

دانانی پڕۆگرام و بەرنامەی تایبەت بە خۆراکی تایبەت بە وەرزشوانان باسکردن لە کاریگەری سوودە تەندروستییەکانی، چاودێری تەندروستی بۆ تێکچوونی دۆخ و تەندروستی لەناکاوی یاریزانێک یا هەر ئەندامێکی تیپێکی وەرزشی پێویستە لەلایەن پزیشکی تایبەتی وەرزشییەوە ڕێنمایی پشوو یاریکردن و پشکنین وەربگرێت، ئاستی یاریزانان لەکاتی مەشق کردن و خۆ گەرم کردندا ئەرکی پزیشکی وەرزشیە کە ڕۆژانە لە ڕێگەی چاودێری جولە و مەشقەوە پێی دەگات و دواتر پلانی تایبەت بە یاریزانەکە و شێوازی گونجان لەگەڵ تەندروستی و دەروونی یاریزانەکە گونجاو بێت.

لە کاتی یاریکردندا ئەرکی پزیشکی وەرزشییە چاودێری یاریزانانەکان بکات، یاریکردن و پێدانی ڕێنمایی لە چۆنیەتی خۆ پاراستن لە بەریەککەوتنی لەناکاو دروست بوونی داتلیشان، دیاریکردنی کات و ماوەی یاریکردن بەپێی توانای یاریزانان و توانای ڕاکردنی یاریزان بەپێی کات لەلایەن پزیشکی تایبەتی وەرزشی یانەوە دەست نیشان و دیاری دەکرێت.

فریاگوزاری سەرەتایی لە کاتی مەشق کردن و تووشبوونی یاریزان بە برین و پێکان چارەسەرکردن بە سپرا یا سەهۆڵ و پێچانی شوێنەکە و پێدانی ڕێنمانی و نەجولاندنی یا نەڕۆیشتنی یاریزان لەکاتی ئازار و پێکان، گەیاندنی یاریزان بۆ نەخۆشخانە لە حاڵەتی دژوار و تێگەیاندنی دۆخی یاریزان بە پسپۆر و کارمەندی فریاکەوتن.

زۆر جار یاریزانان بەهۆی پێکانێکی ئاسایی توشی بارودۆخێکی خراپی تەندروستی و نارێکی جەستە دەبێت تەنیا بەهۆکاری ئەوەی لەکاتی پێویست پزیشکێک نەبووە ڕێنمایی پێبدات، یا هۆشیاری و زانیاری دەربارەی پێکانەکەی پێبدات و چارەسەری بکات، تەنیا پێ سوڕانێکی ئاسایی هۆکاری دوورکەوتنەوەی یاریزان بووە بۆ ماوەیەکی زۆر و سەقەت بوونی پێی یا هەر ئەندامێکی لەکاتی پێکدادان.

هەر یانەیەک لەگەڵ دانانی بناغە بۆ دامەزراندنی پیۆیستە لەگەڵ دانانی سەرۆک یانە پزیشکی تایبەتی وەرزشی و یاردیدەری پزیشکی تایبەت بە یانەکە دابنرێت دواتر بیر دانانی ڕاهێنەر و یاریزان بکرێتەوە چونکە تەندروستی باش بناغەیەکە بۆ بنیاتی داهاتوویەکی باش بۆ یانەکە و سەلامەتی تەندروستی یاریزانان.

ئەرکی لایەنی بەرپرسی وەرزشیە کە چاودێری و پێداچونەوە بە یانە و تیپە وەرزشییە دامەزراوەکان بکات دانانی پزیشکی تایبەتی وەرزشی بکات بە مەرجێکی سەرەکی یانەکان.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 2. Oct. 2019 No: (5840)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

زیاتر لە (1130) ئاوازی هەیە، چەندین خەڵاتی هونەری بەدەست هێناوە

هونەرمەند و ئاوازدانەر هەڵکەوت زاهیر: من کاری خۆم دەکەم، خۆشەویستیم بۆ هەموو ئەوانەش هەیە ڕەخنەم لێدەگرن





توانا زرار: هونەرمەند و ئاوازدانەری کورد هەڵکەوت زاهیر بەیەکێک لە باشترین ئاوازدانەرکان دادەنرێت کە تا ئێستا (زۆرترین) ئاوازی لەلایەن هونەرمەندەکان گوتراوە.هەڵکەوت زاهیر باس لە دەستپێکی کاری هونەری خۆی دەکات و دەڵێت هەر لەسەرەتای منالێمەوە بە خوێندنی میوزیک خەریکبووم، بە لام وەک ئاوازدانان لە ساڵی 1992 یەکەم ئاوازم بۆهونەرمەند ئەژدەر وەهبی داناوە.

ئەم ئاوازدانەرە زۆرترین ئاوازی بۆ هونەرمەندان داناوە .وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات جگە لە هونەرمەندانی کورد چەندین هونەرمەندی عەرەب و نەتەوەکانی تریش ئاوازەکانیان کردووە بەگۆرانی.دەشڵێت کارکردن بە پێی کەسایەتی هونەرمەندەکە کەوتووە نەک نەتەوە.

هەڵکەوت زاهیر بەوە ناسراوە زۆرترین کاری بۆ هونەرمەندە ئافرەتەکان کردووە و ڕۆڵی ئاوازەکانیان باشیشی هەبووە لە هێنانە پێشەوە چەند دەنگێکی نوێ. لەبەرامبەر ئەوە کارانەی کردوویەتی زۆرترین ڕەخنەی لێگیراوە . بۆ ئەوەش دەڵێن هیچ وەڵامێکم نییە تەنها دەڵێم من کاری هونەری خۆم دەکەم و خۆشەویستیم هەیە بۆ ئەو کەسانەی ڕەخنە دەگرن بەگشتی.هەڵکەوت زاهیر ، زیاتر لە (1130) ئاوازی هەیە، چەندین خەڵاتی هونەری بەدەست هێناوە لە وانەلە ساڵی 2012وەک باشترین ئاوازدانەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبژێردراوە و یەکێک لەوبەرهەمانە بەدەنگی هونەرمەند میرا بوو وەچەندین خەڵاتی دیکەش لە وانەش گۆرانی ئەرببیلی هونەرمەند سەمیرە سەعید و(رجعنا لبعضنا) هونەرمەند لەیلا فەریقی و عەلی حەجار هەروەها ئەو بەرهەمەی بۆ هونەرمەند میادە الحناوی و چەندین هونەرمەندی دیکە داناوە.

یادی هونەرمەندی پایەبەرز حەمە جەزا



هونەرمەندی ڕەوانشاد مامۆستا حەمە جەزا ساڵی ١٩٤٩ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. لە منداڵییەوە ئارەزووی هونەرو ستران کردووە، لەساڵی ١٩٦٩ دەبێتە ئەندامی تیپی هونەرو وێژەی کوردی، لەساڵی ١٩٧٠ دەچێتە شاری هەولێر و بەتەواوەتی لەوێ نیشتەجێ دەبێت. یەکەمین بەرهەمی تۆمارکراوی لەساڵی ١٩٧١ بەناوی (بیبی خانم) بڵاوەدەکاتەوە. لەساڵی ١٩٧٧ بەرهەمی (عیشق و ئازادی) لە شیعرەکانی مامۆستا هێمنی موکریانی و ژەنینی عود مامۆستا رزگار خۆشناو بڵاوەدەکاتەوە. لەساڵی ١٩٧٧دا دوو گۆرانی لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر و لەساڵی ١٩٧٨دا چوار گۆرانی دیکە لەگەڵ هەمان تیپ دا بڵاوەدەکاتەوە. لەساڵی ١٩٨٠ دوو گۆرانی دیکە لەگەڵ هەمان تیپ بەرهەم دەهێنێت. لەساڵی ١٩٧٧دا بووکی گۆرانی شەنگەبێری و لەساڵی ١٩٧٨یشدا گۆرانی بووکی ئازادی و جوانی ناو چیا بەرهەمدەهێنێت. هەر لە هەمان ساڵدا دیوانە شیعری نالەی جودایی مامۆستا هێمن و گۆرانی گلەیی لە کەس ناکەم ئاوێتەی نێو هونەری کوردی دەکات. مامۆستا حەمە جەزا لە ڕێککەوتی ١٩٨١/٥/٢٣ شاری هەولێر بەجێدەهێڵێت و ڕوو لە شاخ دەکات. سەرەڕای سەختی ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتی لە هونەرەکەی دوور نەکەوتۆتەوە لەگەڵ تیپی موزیکی شەهید کارزان درێژە بەکارە هونەرییەکانی دەدات و چەند سرودێکی نیشتمانی بۆ پێشمەرگەو خەباتی رزگاریخوازی کورد تۆمار دەکات. هونەرمەندی گەورە حەمە جەزا لەپاڵ دەنگە سازگارەکەی دەستێکی باڵاشی لە نووسینی هۆنراوەدا هەبووە و دیوانێکی گەورەی بەچاپگەیاندووە. مخابن ئێوارەی لە ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/١ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و بە یەکجاری مالئاوایی لە ژیان کرد. هەر هەمان ڕۆژ لە کەژاوەیەکی پڕشکۆو شایستەدا و بە ئامادەبوونی هەزاران کەس لە ڕێورەسمێکی میژوویییدا لە گردی سەیوان لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا.

گۆرانی و ئاوازەکانی مامۆستا حەمە جەزا ئێستا وەک وانەیەکی هەردەم زیندوو لە فێرگە موزیکییەکان دەخوێندرێن و دەیان هونەرمەندی لاو گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە دەڵێنەوە.

ڕێبوار هەورامی

لە خانەقین شەقامی ڕۆشنبیری و هونەری دروست دەکرێت



خەبات: عەباس محەمەد سەعید دەڵێ:

بەشێک لە ڕۆشنبیران و ڕۆژنامە نووسان و هونەرمەندانی خانەقین و سەرۆکایەتی شارەوانی و بەشی پۆلیسی هاتوچۆی خانەقین بەسەرپەرشتی فەرمانگەی ڕۆشنبیری و هونەری خانەقین کۆبوونەوەی سێیەمیان ئەنجامدا بۆ دروستکردنی شەقامی ڕۆشنبیری و هونەری لە شاری خانەقین .لەمبارەیەوە عەباس محەمەد عەلی بەرپرسی فەرمانگەی ڕۆشنبیری خانەقین بە خەباتی گوت: بیرۆکەیەکی وا نایاب شایانی پالپشتی کردنە ، ئێمە لەفەرمانگەی ڕۆشنبیری خانەقین سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان دەکەین ،خەریکە پرۆژەکە دەکەوێتە واری جێبەجێ کردنەوە و سوپاسی بەرپرسانی ئیداری دەکەین کە پالپشتن بۆ دروستکردنی شەقامەکە کە خزمەت بە خانەقین دەکات لە بواری ڕۆشنبیری و هونەری ، لە ئایندەیەکی نزیکدا چالاکییەکان دەست پێدەکات لەو شەقامەی کەڕای زۆرینەی ئامادەبووان و بەرپرسی شارەوانی کوردستان لە خانەقین و بەرپرسی بەشی هاتوچۆی خانەقینی لەسەر بوو ، شەقامەکە نەک تەنها خەڵکی خانەقین بەڵکو ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردستان و عێراقیش دەتوانن سودی لێ وەرگرن و چالاکی ئەنجام بدەن. هەروەها ڕۆژنامەنووس سەربەست برزۆ گوتی : ئێمە بەشدارین لە بیرۆکەکە و هەوڵی جیدی دەخەینە گەڕ بۆ سەرخستنی پرۆژەکە کە دروستکردنی شەقامێک بۆ هەموو ڕەنگە جیاوازەکانی خانەقین و کەس خاوەندارێتی ناکات بەڵکو هەموو خانەقین خاوەندارێتی دەکات ، بەکۆرتی شەقامێکە بۆ هەموو خانەقین ، دڵنیاین کە پرۆژەکە سەردەکەوی چونکە خانەقین پێشنیەکی ڕۆشنبیری هونەری گەورەی هەیە.



ئابووری کوردستان هەوراز و نشێو بڵاوبووەوە



ڕۆژنامەنووس شوان بەرزنجی لەم ڕۆژانە کتێبی (ئابووری کوردستان هەوراز و نشێو) چاپ و بڵاوکردەوە ئەم کتێبە باس لە 13ساڵی هەڵکشان و داکشان و وەبەرهێنان و قەیرانی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان دەکات.کتێبەکە هەموو بوارەکانی ئابووری لە وەبەرهێنان و نیشتەجێبوون و گەشتوگوزار و پیشەسازی و کشتوکاڵ و کەرتی تایبەت و کێشەکانی مووچە و بوودجە لە خۆ دەگرێت ،ئەو کتێبە 300لاپەڕەیە ، لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان بە ژمارە 804لە ساڵی 2019ژمارەی سپاردنی پێدراوە و بەردەستە لە کتێبخانەکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە.

ڕەشانگ

دڵشاد مستەفا وەسانی
یەکشەمە و چوارشەمە دەینووسێت

ئەگەر ریفراندۆم نەکرابوایە

زیاتر لە نیو سەدەیە ، زۆر ڕووداو و گرتنەبەری ڕێچکەی سیاسی، کاریگەریی کەرتبوونی ناو جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستانی پێوە دیارە، کاریگەرییەکە چەندین نەوەی لەسەر ئەوە ڕاهێناوە، کە پاساو بۆ هەڵە، یان ڕاستتر بڵێین هەڵخلیسکان بێننەوە، ئەو بەڵایە، کە بەداخەوە لەسەر دەستی بژاردە و خوێندەواری ناو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان سەری هەڵدا، دواتر چوونە سەنگەری دوژمنی کردە شتێکی ئاسایی.

ئەوەی لە ساڵی 2017 دا، لەلایەن یەک دوو حزب و گرووپی سیاسییەوە بە ریفراندۆم کرا، لە ئەنجامی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی سیاسییەوە نەبوو، هیچ پەیوەندیشی بەوەوە نەبوو، ئەوان لە خەمی نیشتمان و خەڵکەکەیان بووبن و ئەوانەیشی سەربەخۆیبان ویست و ریفراندۆمیان کرد بێباک، بەڵکو زادەی ئەو کلتوورە بوو کە کەرتبوون و جیابوونەوە و شەڕی ناوخۆ بەرهەمی هێنا ، ئاخر هەر ئەو وەستانەوەیە دژی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، مرۆڤی بەڵای ئەوەدا برد پرسیاری لەسەر خەباتی خەڵکی کوردستان و شۆڕشەکانی لا دروست بێت، لەخۆی بپرسێت، ئەدی ئەو هەموو خوێنەی بەدرێژایی سەدەیەکە لە پێناوی چی ڕژاوە؟ ئایا لەبەر ئەوە ڕژاوە، بۆ شۆڕش و هەستانەوە پرس بە دوژمن و دەر و دراوسێ و کۆمەڵگەی نێدەوڵەتی نەکراوە؟ پاساوەکە وات لێدەکات بڵێی ئەوەی لە سەت ساڵی ڕابردوو دەرهەقمان کراوە، هەمووی خەتای خۆمان بووە.

دەگوترێت، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان حیسابی بۆ ئەوە نەکردبوو، عێراق پەلاماری کوردستان دەدات، ئەگەر بەرنامەی هەبوایە شەڕ دەکرا، ڕاستییەکەی هەموو ئەو ئەگەرانە لەبەرچاوگیرابوون، تەنیا یەک ئەگەر نەبێت، ئەویش ڕێککەوتنی ژێربەژێر بوو بۆ تەسلیمکردنی کەرکووک، چونکە بەرگری پێشمەرگە لە پردێ و تلسقۆف و مەحمودیە و مەخمور و شوێنی دی نەبوایە، ئەوا کۆتایی بە قەوارەی هەرێمی کوردستان هاتبوو.

چۆن لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە تا ئێستا، باس لەوە دەکەن ریفراندۆم هەڵەبوو، لە کاتێکدا ئەوانەی بۆ وەبەرهێنانی حزبی بەکاری دێنن، مەرجی ئەوەیان هەبوو کە دەبێ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکوومەتی هەرێمیش بگرێتەوە، چونکە حزبیش هەبوو مەرجی بەشداریی لە ریفراندۆمی بەوە بەستبوەوە دەسکەوتی حزبی هەبێت، ئەوا بە وازهێنان لە ریفراندۆم بە جۆرێکی دی قسەیان دەکرد.

سەرۆک بارزانی یەک مەرجی بۆ دواخستنی ریفراندۆم هەبوو، ئەویش کاتەکەی دیاری بکرێت، جا ئەگەر بێ هیچ مەرجێک دوای خستبا، ئەوا ئێستا دەبووە ئامرازی گوتارێکی دیکەی ڕاگەیاندن، چونکە ئەوکات دەگوترا دواخستنی ریفراندۆم کرایە ویستێکی نێودەوڵەتی و لەبەرامبەریشدا هیچ گرەنتییەک بۆ ئەنجامدانی لە کاتێکی دیکەدا وەرنەگیراوە، بەمەش سەرۆک بارزانی و هەموو ئەو لایەنانەی پشتیوانیان لە ریفراندۆم کرد، تاوانی ئەوەیان دەخرایە ئەستۆ کە ڕێگەیان بۆ جیهان خۆشکردووە، هەتا هەتایە ریفراندۆم نەکرێت.

حکوومەتی عێراق لە 2014بودجە و مووچەی کوردستانی بڕی، کەچی ریفراندۆم لە 2017کرا، کە مووچەیش گەڕێندراوەتەوە، ترسی ریفراندۆمە و بۆ ئەوەیە عێراق بە یەکگرتوویی پیشان بدرێت، بۆیە ئەوەی بینرا، بەرهەمی کلتووری دووبەرەکی و سیاسەتی کەری دێزەی حزبی کوردی بوو ، خوا لە بەردەوامیی ئەو کلتوورە پەنامان بدات.